# ئەحمەد عیزەت پاشا

## والیە کوردە دادپەروەرەکەی ئزمیر



پرۆفیسۆر. دکتۆر یاسین سەردەشتی

سلێمانی - ٢٠٢٤

**خوێنەری ئازیز:** ئەم کتێبەی بەردەست، لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بە والیە کوردە دادپەوەرەکەی ئزمیر، ئەحمەد عیزەت پاشا کە لە سەرچاوە هاوچەرخە تورکییەکاندا بە قەمبوور عیزەت بەگ ناودەبرێت. شایەنی باسە، ناوبراو زڕبرای سەعید پاشای خەندان و مامی شەریف پاشای خەندانە کە لەمێژووی کوردا پێگەیەکی دیار و ناوبانگێکی گەورەی هەیە.

ئەم کارە کە لەچەند باسێک پێکدێت، هەوڵدەدات هەلومەرجی دەوڵەتی عوسمانیی لە دەورانی یەکەمین جەنگی جیهانیی و  پێشهاتەکانی پاش جەنگ بە پوختیی روونبکاتەوە، پاشان بایەخ بەوە دەدات کە ئەحمەد عیزەت پاشا بەخوێنەران بناسێنێت و دواتر پێگەو وێنای ئەم کەسایەتییە بەگوێرەی سەرچاوە هاوچەرخە تورکییەکان دەخاتە بەرچاو و لەکۆتاییشدا توێژەر خوێندنەوەیەکی واقیعبینانە لەسەر مەبنای بەشێک لەسەرچاوە مێژووییەکان دەخاتە روو. هەروەها هۆکارەکانی ئەو دیدە نەرێنییە تەنگەتیلەیە روونده‌کاتەوە کە مێژوونووسیی فەرمیی تورکیی گیرۆدەی کەمالیزم،  وەک قاڵبێکی ئامادە بۆ هەڵسەنگاندنی رۆڵی ئەحمەد عیزەت پاشا لە مێژووی دوا ساڵەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانیی و مەسەلەی ئزمیردا، بەکاریهێناوە.  پێویستە لەم بارەیەوە بوترێر کە سیستمی سیاسیش لە تورکیای هاوچەرخ، بۆ باڵاراگرتنی ئەم دید و رێحەزە، بەشێکی ئەو سەرچاوەو بەڵگەنامانەی فەوتاندون کە دەشێت بۆ هەڵهێنجانی دیدێکی جیاوازو واقیعبینانە سەبارەت بە مێژوو و رۆڵی کارەکتەرەکان پشتیان پێ ببەسترێت و دەستی بەسەر زۆریشیاندا گرتووە کە رێگریی ئەوەیان لێ دەکرێت بکەونە بەرچا و لە لایەن لێکۆڵەرانەوە سووودیان لێ ببینرێت.

بەوپێیەی ئەم بەرهەمە یەکەمین لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە ئەحمەد عیزەت پاشا بەزمانی کوردیی، هەربۆیە پێم وایە کە بۆ مێژووی کورد و بایەخدارانی، گرنگی و تایبەتمەندی خۆی دەبێت و هەر بژین.

## دەروازە و چوارچێوەی مێژوویی بابەتەکە

ئاشکرایە پاش کودەتای سەربازیی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی لە ٢٣ی کانونی دووەمی ١٩١٣ لە ئەستەنبوڵ و سەپاندنی دەسەڵاتی رەها و تاکڕەوی خۆیان بەسەر ئیمپراتۆرییەکەو وابەستەکردنی باڵادەستی تۆڕانیزم وەک ئایۆلۆژیاکی رەگەزپەرستیی و فراوانخوازیی فەرمیی حوکمی دکتاتۆریی سێکوچکەی (ئەنوەر- تەڵعەت - جەمال) پاشا و وابەستەکردنی دەوڵەتی عوسمانیی بە ئەڵمانیای فراوانخوازو گلاندنیان بە یەکەمین جەنگی جیهانییەوە، کارەساتێکی گەورە بەسەرگەلانی ئیمپراتۆرییەکەدا هات. شایەنی باسە، دەوڵەتی عوسمانیی، پاش لەدەستدانی ناوچەکانی یۆنان و مەکەدۆنیا و بولگاریا و ناوچە مەسیحیینشینەکانی و دوڕاندنی لەجەنگی بالکاندا لە ١٩١٢دا، چ لە رووی سەربازیی یاخود لە رووی ئابووریی یان لە رووی پەیوەندییەکانی نێوخۆیدا، لە رەوشێکی وادا نەبوو لە جەنگێکی وا گشتگیرو مەزندا، تێوەبگلێت. ئەڵمانەکان لەمە باش بەئاگابوون، بەڵام بۆ ئەوان هاوپەیمانیی دەوڵەتی عوسمانیی‌و راکێشانیان، بۆ بەشدارییکردنی سوپای عوسمانیی نەبوو لە جەنگدا، ئەوەی ئەوان چاوەڕێیان دەکرد لەچەند مانگێکی کەمدا جەنگ کۆتایی بێت، بەڵکو بەهۆی کاریگەریی ئەو دەوڵەتەوە بوو لە موسوڵمانانی کۆڵۆنییەکانی فەرەنساو بەریتانییەکان‌و هەروەها لە دەوڵەتانی بالکان. زێدەباری ئەوەی، عوسمانییەکان دەتوانن کارایانە رێگە لە جوڵانەوەی کەشتیگەلی روسیی بەنێو تەنگەکاندا بگرن.

سوڵتان، بەفەرمیی دوای ئەوەی لە ١٤ی نۆڤەمبەردا لەگەڵ شەیخولئیسلامدا راوێژی کرد، جیهادی راگەیاند. چاوەڕوانیی کاریگەریی ئەم راگەیاندنە لەسەر موسوڵمانانی کۆلۆنییەکانی دەوڵەتانی هاوپەیمان (هەروەها

له ئاسیای ناوەندیی روسیی) لەنێو ئەڵمانەکاندا فرە مەزن بوو (هەرچەندە لەنێو عوسمانییەکاندا زۆر کەمتربوو). بەڵام وێڕای پرۆپاگەندەیەکی بەرچاوی حکومەتی عوسمانیی، بەشێوەیەکی سەرەکیی لەرێگەی تەشکیلاتی مەخسووسەوە، بایەخێکی نەبوو. وێڕای ئەوەی ئەڵمانەکان گومانیان لە بەهێزیی سوپای عوسمانیی هەبوو، کەچی هانیاندان کە ستراتیژێکی هێرشبەرانە بگرنەبەر. پلانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لەلایەن "برونسارت ڤۆن شیلۆندرۆڤ" ئەڵمانییەوە پەرەپێدرا کە سەرۆکی ئەرکانی گشتیی عوسمانیی بوو، کە تێیدا هێرش بۆ سەر کەناڵی سوێس‌و ناوچەی قەفقاسی وێناکردبوو، ئەنوەرپاشا بە جۆشەوە ئەم پلانەی پەسەندکرد.[1]

لەبەرەی قەفقاس، یەکەمجار روسەکان لە نۆڤەمبەردا پەلاماریاندا، بەڵام سوپای عوسمانیی توانی بەرپەرچیان بداتەوە. پاشان هێرشێکی پێچەوانە بە فەرماندەی ئەنوەر پاشا خۆی، لە کۆتایی دیسەمبەردا دەستییپێکرد. پاش سەرکەوتنێکی بەرایی، عوسمانییەکان بە توندیی لە "ساری قامیش" تێکشکێنران کە لەسەر رێگەی قارسە. لە یەنایەردا تەنیا ۱۲۰۰۰ سەرباز لە تێکڕای ۹۰۰۰۰ گیانیان دەربرد. زۆربەی ئەوانەی دیکە یا لەسەرمادا مردن، یاخود شەکەت و ماندووبوونی بڕینی زنجیرە چیاکان لە ناوەڕاستی زستاندا هێزی لەبەربڕین.

لە کانونی دووەمی ۱۹۱۵ دا، یەکەمین هەوڵ بۆ گرتنی کەناڵی سوێس درا کاتێك ۲۰۰۰۰ سەرباز لەماوەی دە رۆژدا لە بیابانی سینا پەڕینەوە، بەڵام هەوڵەکەیان بۆ پەڕینەوە یاخود پچڕاندنی رێگەی کەناڵەکە شکستیخوارد. هەروەها وەك چاوەڕواندەکرا چ راپەڕینێکی چەکداریی دژی بەریتانییەکان لە

---

[1] ئێریک جەی زوچەر: میژووی هاوچەرخی تورکیا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: پرۆفیسۆر.ی. دکتۆر یاسین سەردەشتی، چاپی دووەم، سلێمانی ،ل ۱۷۷.

میسر وەك پشتگیرییەك و بەدەمەچوونێکی فەروای جیهادەکەی سوڵتان، نەقەوما. سوپای عوسمانیی بە زیانێکی کەمەوە بەرەو باشووری فەلەستین پاشەکشەی کرد. هەروەها دووەمین هەوڵیش بۆ هێرشکردنە سەرکەناڵەکە لە ساڵی ١٩١٦دا، شکستیخوارد.[2]

لە باشوور و بەرەی میسۆپۆتامیاشەوە، هێزە سەربازییەکانی بریتانی، هەر لەسەرەتای جەنگەوە بەندەری فاویان گرت و بەرەو بەسرە رۆیشتن و ئەویشیان گرت، پاشان لە کوت تووشی گەمارۆی هێزەکانی عوسمانییەکان بوونەوە و ماوەیەک گیریانخوارد، پاشان لە مارتی ١٩١٧دا، بەغدایان گرتو بەرەو سەرووی رووبارەکە کشان. بەڵام لە فەلەستین دوو هەوڵی بەریتانییەکان لە بەهاردا بۆ دزەکردن لە غەزەوە شکستهێنا.

پێویستە بوترێت کە سوپای عوسمانیی لەتەواوی ساڵەکانی جەنگدا، بەدەست برسێتیی و نەخۆشییەوە دەیانناڵاند. لە زستاندا رشك و ئەسپێ قژو نێو جلەکان، پەتای تیفۆیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرت. دەتوانرا ئەوانە بەهۆی پاکردنەوەی تەواویی سەربازەکانو گەرمکردنی جلەکانیان قەڵاچۆ بکرێن، بەڵام ئەوە پێویستی بە ئاو و سووتەمەنیی هەبوو کە چنگ نەدەکەوت. لەهاویندا مەلاریا بڵاوببۆوە، بەتایبەت لە دەشتە کەنارییە شێدارەکاندا یاخود لەوناوچانەی ئاوی وەستاویان لێبوو. لەکۆتایی هاوین و سەرەتای پایزدا، بەهۆی پیسبوونی ئاوی خواردنەوە، کۆلێرا بڵاوبووەوە. ئەوەی مەزنترین پەتای کوشندە بوو. سەرباری ئەوەش، کەمیی ڤیتامین، نەخۆشیی ئەسکەرپوتی لێکەوتەوە. بەگشتیی، سوپا تاڕادەیەکی باش پڕچەك کرابوو(بە چەکی ئەڵمانییو هێندێکیش بەلچیکییو روسیی) ،بەڵام لە رووی پێویستییەکانی ئازووخەوە پەرێشان بوو. لە ساڵی ١٩١٧دا، سەربازەکان بەرگی دڕاوو پەڕپوتیان

---

[2] هەمان سەرچاوە. ل ١٨٣.

لەبەردا بووو زۆربەیان بە پێخاوسیی ڕێیان دەکرد. ڕەوشەکە فرە بەد بوو بەچەشنێك سەربازان بەپۆل لە سوپا هەڵدەهاتن. شتێکی نائاسایی نەبوو بۆ یەکە سەربازییەکان کە لە ڕێگەی ئەستەمبوڵەوە بۆ بەرەکان (ئەوەی گەشتی مانگو نێوێك بوو) نێوەی ژمارەی هێزەکانی خۆیان یان زیاتر لەدەست بدەن. لەکۆتایی جەنگدا نزیکەی نیوملیۆن سەربازی هەڵاتوو هەبوو. لەساڵی ١٩١٦دا، سوپا لە لوتکەی هێزیدا ٨٠٠هەزار سەربازی ڕاگرتبوو، لەساڵی ١٩١٧دا، ئەو هێزەی بۆ نیوە دابەزی و لە ساڵی ١٩١٨دا تەنیا سەدهەزار سەرباز لە مەیدانی جەنگدا مایەوە.[3] گرفتی سەرەکیی نەبوونی تەواویی ئاسانکارییەکانی گواستنەوە بوو. ڕێگای ئاسنیی هێشتا تاکەفارگۆن بووو بەنێو زنجیرە چیاکانی تۆرۆسو ئەمانۆسدا تێنەدەپەڕی، هەربۆیە ڕێگەیەکی ئاسنیی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەنەدۆڵ(هەروەها پایتەخت) لەگەڵ بەرەکاندا نەبوو، ئەمە مانای ئەوە بوو-وەك نموونەیەك- ئەو تەقەمەنییانەی لە ئەڵمانیاوە دەهێنران دەبوو ایە تا دەگەیشتە بەرەی فەلەستین زیاتر لە دوازدە جار باربکرێنو دابگیرێنەوە. لەبری ئەوەی تو انای بەرگریی بەرەکان بەهێز بکرێت، کاردانەوەی ئەڵمانیی بەپێچەو انەوە بریتیبوو لە ئامادەباشیی بۆ ئەنجامدانی دژەهێرشێك بۆ سەر بەغدا، ئەوەی هێزێکی نوێی بەناوی "یڵدرم/بروسکە" لە حەلەبەوە بۆ کۆکر ایەوە بە فەرماندەیی "ڤۆن ڤالکنهاین"ی سوپاسالاری پێشووی ئەڵمانیی. زیاتر لە ١٣٠٠٠سەربازی ئەڵمانیی ڕەو انەی حەڵەب کرا، بەڵام کاتێك گەیشتن، هەلومەرجەکەی فەلەستین هێندە دژواربوو، کە لەبری بەغدا، ئەو انە ڕەو انەی ئەوێ کران. وێڕای ئەوەش، سوپای بەریتانیی لە هێڵی غەزەوە لە دیسەمبەردا دزەی کردو تەنیا پێش جەژنی سەری ساڵی ١٩١٧دا قودسی گرت.

---

[3] بۆ زیاتر:
Ahmed Emin [Yalman] (1930) *Turkey in the world war*, New Haven: Yale University Press, pp 261-262.

شایەنی باسە، لەکاتی جەنگدا، ئەرمەنییە نەتەوەییەکان، وایان دەبینی کە سەرکەوتنی روسیا دەرفەتێك بێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی لە ئەنەدۆڵی رۆژهەڵات. پرۆپاگەندەی روسیا هانی ئەم جۆرە خولیایانەی دەدا. چەندهەزار ئەرمەنییەك بە سوپای روسەوە پەیوەستبوون، لەگەڵ ئەو ئەرمەنییانەی کە لە سوپای عوسمانییدا هەڵاتبوونو چالاکی پارتییزانانەیان لە پشت هێڵەکانی عوسمانییەوە دەنواند. بەپێچەوانەی ئەم هەلومەرجەوە، سوپای عوسمانیی دەستیکرد بە پەرتەوازەکردنی راگواستراوەکانی ئەو ناوچانەی کەتبوونە پشتی بەرەکانەوە. ژمارەیەك کۆمەڵکوژیی لە ئاستی بەرتەسکدا قەومان. لەکۆتایی مارتدا، کۆمیتەی ناوەندیی کۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقی، لە هەموو ئەگەرەکاندا بریاری راگواستنی دانیشتووانە ئەرمەنییەکانی نێو ناوچەی جەنگی بۆ ناوچەی "زور" لە ناوجەرگەی بیابانی سوریاو لەوێشەوە بۆ باشووری سوریاو میسۆپۆتامیادا. هەڵگیرساندنی راپەرینێك لەلایەن ئەرمەنییەکانەوە لە "ڤان"، هەستی پەلەکردنی راگواستنەکەی توندترو خێراترکرد. لە مایۆدا راگواستنەکان بە خەستی دەستیپێکرد. لە هاوینی ١٩١٥دا، رۆژهەڵاتو ناوەندی ئەنەدۆڵ لە ئەرمەنیی پاککرانەوە. ئەمە راگواستنی ئەرمەنییەکانی رۆژئاوای بەدواداهات، جێبەجێکردنی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازبوو. لە هێندێك ناوچە خێزانەکان ماوەی ٢٤ سەعاتیان بۆ دانرا، لەهێندێك شوێن عەرەبانەو گوێدرێژ رێگەیان پێدرا، لە هێندێکی دیکە دەبووایە هەر کەسێك بە پێی خۆی بروات. کاروانی ئەرمەنییە راگوێزراوەکان لەلایەن هێزی ژاندارمەوە پاسەوانی دەکران، ئەوەی لە زۆربەی بارەکاندا درندانە هەڵدەسوران. هەرچەندە ژمارەی ژاندارمەکان کە پاسەوانی کاروانەکانیان دەکرد کەمبوون، قوربانییەکان پێدەچێت هێندە بەتوندیی ملیان پێ کەچکرابێت کە نزیکەی چ نموونەیەکی بەرگریی نابینینەوە. ئەو

دوورخستنەوەیە (کە بە فەرمیی "تەهجیر/راگواستن"ی پێدەگوترا) بووە هۆی مردنی ژمارەیەکی زۆرلە ئەرمەنییەکان.[4]

پێویستە ئەو راستییەش بوترێت کە کوردیش لەو جەنگەدا و لەسەردەستی سوپای روس و هەروەها تورکانی عوسمانیی کەمتر لەئەرمەنی بەسەر نەهات. کوردستان بەدرێژایی ساڵەکانی جەنگ بووە مەیدانی پێکدادانی هێزە سەربازییەکانی وڵاتانی بەشدار و بەشێکی زۆری شار وشارۆچکە و گوندەکانی لەلایەن روس و تورکە عوسمانییەکانەوە، سوتێنران و وێرانکران و نیوەی زیاتری کوردیش بەهۆکاری جەنگەکە و پەلاماری سەربازەکان یان بەهۆی بڵاوبوونەوەی گرانی و برسێتیی و قاتوقڕیی و نەخۆشیی و پەتاکانەوە، کوژران و لەناوچوون.[5]

دۆخی عەرەب لەجەنگەکەدا تاڕادەیەک لە کورد و ئەرمەن جیاوازبوو، ئەوان بەهۆی فراوانی ناوچەکەیانەوە بەسەر دووبەرەی جەنگەکەدا دابەشبوون.لە شام و عێراق و حیجاز، دەوڵەتی عوسمانیی هەوڵیدا بەهەموو شێوازێک سوود لە تواناى مادیی و مرۆیی ناوچە عەرەبییەکان بۆ قازانجی خۆی وەربگرێت و کاتێک هەستی بەوەکرد کە عەرەبەکان لە سیاسەتی تۆرانیزمی ئیتحادییەکان بێزارن و نایانەوێت ملبدەن بەسیاسەتەکانی، سیاستێکی ئەوپەڕی توندوتیژی لەدژیان گرتەبەروتاوانەکانی جەمال پاشای ناسراوبە "" سەفاح/ خوێنرێژ" لە

---

[4] بۆ زیاتر:
Arthur Beylerian: Les grandes puissances, l'Empire ottoman et les Arméniens dans les archives françaises : 1914-1918 , Université de Paris I (Paris), 1983; Justin McCarthy (1983) Muslims and minorities: the population of Ottoman Anatolia and the end of empire, New York: New York University Press .

[5] پرۆفیسۆر. دکتۆر وەدیع جوەیدە: جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد. بنەماو پەرەسەندنی، لە ئینگلیزییەوە : ی. پرۆفیسۆر. د. یاسین سەردەشتیی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢٧٨-٢٨١.

سوریا دژی عەرەب و سەرکردەکانی، نموونەیەکی دیارە. هەر ئەمەش بوو وای لە شەریف حسێن کرد لەحیجاز، کە ژێربەژێر پەیوەندیی بە ئینگلیزەکانەوە بکات و زەمینەی شۆڕشێکی عەرەبیی بەرفراوان دژی خەلافەتی عوسمانیی خۆشبکات.[6] ئەوەی کە گورزێکی گەورەی کەمەرشکێنی لە سوپا و پەیکەری دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەیٔ حیجازو دو اتر سوریا وەشاند و لەلایەن مێژوونووسانی تورکەوە هەتا ئێستا وەک "خیانەتێک" لەقەڵەمدەدرێت.

حکومەتی یەکێتییخوازان پاش شکستەکانی لە تەواوی بەرەکانی جەنگدا، ئیدی درکی بەوە کرد کە جگە لە داوای ئاگربەست چارەیەکی دیکە لەبەردەمدا نیە. هەروەها پێشبینیی ئەوەی کرد کە دانوستانێك کە سەرکردایەتیی دەورانی جەنگی گرتبێتەخۆ(ئەو ئەندامانەی ئەوەی هاوپەیمانان بە تاو انباری جەنگ لە قەڵەمیان دەدان) فرە سەخت دەبێت. لەبەرئەوە کابینەکە دەستی لەکارکێشایەوەو کابینەیەکی دیکە بە سەرۆکایەتیی میریالا ئەحمەدعیزەت پاشا (١٨٦٤-١٩٣٧) شوێنی گرتەوە. پاش گفتوگۆیەکی سەرەتایی کە ژێنراڵ تاوزەند ناوبژیوان بوو، ئاگربەست لەنێوان نوێنەرانی عوسمانیی بە سەرکردایەتیی حوسەین رەئوف "ئۆربەی" و هەروەها فەرماندەی یەکی دەریایی بەریتانیی کە لە مۆدرۆس لەدەریای ئیجەدا لەنگەری گرتبوو، لە ٣٠ی ئۆکتۆبەری 1918دا مۆرکرا.[7]

ئەو ئاگربەستەی لە ٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨ لە مۆدرۆس لەنێوان "ئەدمیراڵ کاڵسۆرپ"ی فەرماندەی تیپی دەریای سپی بەریتانییەکانو "حوسەین رەئوف بەگ"ی وەزیری کەشتیگەل و نوێنەری عوسمانیی مۆرکرا، بە ئاشکرا ئاماژەیەك

---

[6] بۆ زیاتر: قدري القلعچي: الثورة العربية الكبرى ١٩١٦-١٩٢٥، شركة المطبوعات للتوزيع و النشر، ١٩٩٨.

[7] SOFUOĞLU, Adnan, “Mondros Mütarekesi Sonrası Türkiye’nin İşgaline Karşı Milli Direniş: Kuvay-ı Milliye(1918-1921)”, Türkler, c.15, Yeni Türkiye Yayınları, Ankara, 2006, s.s. 619-622.

بوو بۆ خۆبەدەستەوەدانی عوسمانییەکان. ئەو ٢٥ بەندەی ئاگربەستەکە خاڵی ئەوتۆیان لەخۆگرت وەك : داگیرکردنی سەربازیی تەنگەکان، دەستبەسەرداگرتنی هێڵی ئاسنیی‌و تەلەگراف لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە، چەکداماڵین‌و بڵاوەپێکردنی هێزە سەربازییەکانی عوسمانیی‌و تەنیا هێشتنەوەی چەند یەکەیەکی سەربازیی بچووك بۆ یاساپارێزیی‌و هێمنیی، خۆبەدەستەوەدانی هەموو سوپاکانی عوسمانیی لە هەرێمە عەرەبییەکان‌و هەروەها ئازادکردنی تەواوی ئەو دیلانەی سەربەهاوپەیمانەکان بوون و کەوتبوونە دەست عوسمانییەکان (بێئەوەی پێچەوانەکەی جێبەجێبکرێت)، هەمووکە سایەتییە ئەڵمانیی‌و نەمساییە سەربازییەکان دەبوایە لەماوەی دوومانگدا خاکی عوسمانیی جێبهێڵن. مەترسیدارترین بەند لەدیدی عوسمانییەکانەوە بریتیبوو لە بەندی حەوتەم کە ئەو مەرجەی تێداهاتبوو کە: هاوپەیمانان مافی ئەوەیان هەیە هەر شوێن‌و جێگەیەك لەنێو ئیمپراتۆریی عوسمانیی خۆیدا داگیربکەن کە ئاسایشەکەی وا لەقەڵەم بدرێت کە لە مەترسیدایە. بەندی ٢٤ ئەو مافەی بە هاوپەیمانان دەدا کە لە رێگەی سەربازییەوە دەستوەردەنە هەرێمە ئەرمەنییەکان گەرهاتو لەو ناوچانە هێمنیی و ئارامیی هەڵگیرا. ئەم بەندانە وایکرد کە هاوپەیمانان بتوانن (هەرکاتێك خوازیاربن کەم وزۆر هێزبەکاربێنن. مەرجەکان وێڕای سەختییان پەسەندکران،تەنانەت هێندێك جار بە پەرۆشیشەوە لەلایەن عوسمانییەکانەوە پێشوازییان لێکرا.کاتێك جوڵانەوەی بەرەنگاریی پاش ساڵێك لە کۆتاییهاتنی جەنگ پەرەیگرت، سەرکردایەتیی ئەو جوڵانەوەیە هێندە ئازایەتییان دژی مۆرکردنی ئاگربەستەکە پێشان نەدا، ئەوەندەی دژی شێوازی بەدبەکارهێنانی مەرجەکانی ئەو ئاگربەستە بوون لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە.[8]

[8] ئێریک جەی زوچەر : سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٥-٢٠٦.



سەربازانی عوسمانیی لە یەکەمین جەنگی جیهانیی



سەربازانی بریتانی لە بەرەی میسۆپۆتامیا لە یەکەمین جەنگی جیهانیی



کۆچاندنی ئەرمەن بەرەو بیابانەکان لەلایەن سەربازانی تورکەوە



عەرەب لە سوپای عوسمانییدا لە یەکەمین جەنگی جیهانیی

سەرکردەکانی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی سەردەمی جەنگ، ئەوانەی لە١٤ی ئۆکتۆبەردا دەسەڵاتیاندا بەدەست کابینەیەکی نویێ، هەرزوو دوای مۆرکردنی ئاگربەستەکە، وڵاتیان جێهێڵا. لەشەوی ١ی نۆڤەمبەردا، جەمال، ئەنەوەر، تەڵعەت، بەهادین شاکر، دکتۆر نازم و سیانی دیکە، بەسواری کەشتیەکی ئەڵمانیی بەرە و ئۆدیسا بەڕێکەوتن، لەترسی ئەوەی نەوەکا بەهۆی بەدمامەڵەکردنی ئەرمەنییەکانەوە، بدرێنە دادگا. چونکە هاوپەیمانەکان هەر لەساڵی ١٩١٥ەوە، ئەو مەبەستەی خۆیان لەوبارەیەوە راگەیاندبوو، گومان لەوەشدا نەبوو کە ئەوانەیان رووبەڕووی دادگا دەکردەوە. هەرچەندە پاشتر ئەم یەکێتییخوازانە هیچکات لەبەردەم دادگا دەرنەکەوتن، بەڵام ئەرمەنە تۆڵەسێنەکان، جگە لە ئەنوەر، هەموو ئەوانی دیکەیان لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠-١٩٢١ غافڵکوژکرد.

هەڵاتنی ئەم سەرکردە ئیتیحادییانە، بۆشاییەکی دەسەڵاتی لە ئەستەمبوڵدا هێنایەئارا، ئەو هێزو لایەنە جیاوازانەی کە لەم قۆناغەدا کەوتبوونە ململانێ لەپێناو دەسەڵاتدا بریتیبوون لە :

- دەربار: سوڵتان محەمەدی پێنجەم لە ژوئیەی١٩١٨دا مردو لەلایەن "وەحیدەدین ئەفەندی"ەوە شوێنی گیرایەوە و بەناوی "محەمەدی شەشەم"ەوە هاتە سەرتەخت، ئەم سوڵتانە نوێیە وریا و سەرەڕۆیە، خوازیاربوو ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە و لەو رۆڵەی پێشووی هەڵبێت کە لە سایەی یەکێتییخوازەکاندا وەك بوکەشوشە هەڵدەسورێنرا. سوڵتان محەمەدی شەشەم کە لە چارەی نووسر ابوو دوا سوڵتانی عوسمانیی بێت، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا سیاسەتێکی ئەوتۆی گرتبووەبەر ئامانجی رازیکردنی هاوپەیمانەکان بوو، بەتایبەت بەریتانییەکان، ئەوەش بۆ ئەوەی رێکەوتننامەی ئاشتیی وای بەسەردا بدەن کە گونجاوبێت و دژوار نەبێت.

- ليبراڵەکان: ئۆپۆزسیۆنی لیبراڵ کە لەنێو "حوریەتو ئیئتیلاف فیرقەسی/کۆمەڵەی ئازادیی‌و هاوپەیمانیی"دا کۆببوونەوە، ئەوانەی لە ساڵی ١٩١٣دا بێدەنگکرابوون، سەرلەنوێ لە دەوری چەند سەرکردەیەکی پێش ساڵی ١٩١٣دا، خۆیان رێکخستبووەوە کە دیارترینیان "داماد فەرید پاشا" بوو.
- ئیتیحادییەکان یان یەکێتییخوازەکان: وێڕای ئەوەی سەرکردەکانیان هەڵاتبوون، بەڵام هێشتا یەکێتییخوازەکان پەرلەمان، سوپا، جەندرمە، هەروەها پۆستو تەلەگرافو چەند دەزگایەکی دیکەیان بەدەستەوە بوو. رژێمی نوێ لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی ١٩١٩ەوە کەوتبووە پاکسازیی، بەڵام نە ئەوان و نە هاوپەیمانانیش ئەوەندە کارمەندو خەڵکیان بەدەستەوە نەبوو کە شوێنی زۆربەی یەکێتییخوازان بگرێتەوە.

سەکردە ئیتیحادییەکان پێش هەڵاتنیان، جەختیان لە "میرئالا ئەحمەد عیزەت پاشا" سەرۆکی ئەرکانی پێشوو دەکردەوە ببێتە سەرۆک وەزیران، ئەوەی کە بۆ خۆی ئیتیحادی نەبوو، بەڵام جێگەی متمانەی کۆمەڵەکەیان بوو. پاش ئەوەی سەرکردەکانی دەمی جەنگ لە مەیداندا نەمانو ئاگربەست مۆدۆرۆس مۆرکرا، سوڵتان تۆفیق پاشای خستە شوێنی ئەحمەدعیزەت پاشا، ئەو تۆفیق پاشایەی وەك کەسایەتییەکی دژە یەکێتییخوازەکان لە ١١ نۆڤەمبەری ١٩١٨ بۆ ٣ی مارتی ١٩١٩ سەرۆکایەتیی دووکابینەی بەڕێوەبرد.[9]

لە ٤ی مارتدا، داماد فەرید پاشا، شوێنی تۆفیق پاشای گرتەوە، ئەو فەرید پاشایەی کەسایەتییەکی سەرەکیی لە سیاسەتی عوسمانیی دەورانی پاش جەنگ پێکدەهێنێتو سەرۆکایەتیی کەمتر لە پێنج کابینەی وەزاریی نەکرد. ئەو زۆر لە دەربارەوە نزیك بوو، چونکە زاوای سوڵتان بوو، هەربۆیە تەنیا کەسێك بوو کە جێگەی متمانەی راستیینەی سوڵتان بوو. بەڵام ئەو هەمان کات

[9] هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٦-٢١١.

ئەندامێکی رێبەریی "حوریەت‌و ئیئتیلاف فیرقەسی/پارتی ئازادیی‌و هاوپەیمانیی" سەرلەنوێ دامەزراوە بوو. سێ کابینەکەی فەرید پاشا کە لە مارت-سێپتەمبەری ۱۹۱۹دا بوو، سێیەمین قۆناغی ماوەی دوای جەنگ پێکدەهێنێت . ئەوان لەو ماوەیەدا سەرقاڵی رووبەڕووبوونەوەی چالاکی بەرەنگاریی پەرەسەندووی نەتەوەییەکان بوون، چ لە پایتەخت‌و چ لە ئاسیای بچووك، بەتایبەت پاش ئەوەی هاوپەیمانەکان رێگەیان بە یۆنانییەکاندا لە ۱۵ی مایۆی ۱۹۱۹دا، دەست بەسەر ئەزمیرو دەوروبەریدا بگرن.

لەراستییدا، باکگراوندی چوونی مێژوویی سوپای یۆنانی بۆ ئزمیرو دەوروبەری بابەتێکی شاراوە نییە و روونە. زانراوە کە یۆنان تاوەکو نزیکی کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهانیی و بەدیارییکراویی تاساڵی ۱۹۱۷، بە دەوڵەتانی هاوپەیمانەوە پەیوەست نەبوو. هۆکاری بنەڕەتی ئەم دواکەوتنەش، پەسەندکردنی سیاسەتی بێلایەنی بوو لەلایەن پاشا کۆنستنتینی یەکەم (۱۸٦۸-۱۹۲۳)، وێڕای هەوڵەکانی سەرۆکوەزیران ئێلیفتێریۆس ڤێنیزێلۆس (۱۸٦٤-۱۹۳٦) بۆ لایەنگری هاوپەیمانان لە جەنگدا. لە هەمان کاتدا شا کۆنستنتینی یەکەم سەرەتا باوەڕی وابوو کە براوەی جەنگەکە وڵاتانی بەرەی ناوەند دەبن. ئەو هاوسۆزی دەوڵەتی ئەڵمان بوو و خوێندنی لە ئەکادیمیای جەنگی بەرلین تەواوکردبوو. هەروەها پێویستە ئاماژە بەو راستییەش بکرێت کە سۆفیای هاوسەری شا کۆنستنتینی یەکەم، خوشکی قەیسەر ویلهێلمی دووەم بووە و کۆنستنتینی یەکەم پێیوابوو ئەڵمانیا دەبێتە براوەی شەڕەکە. هەرچەندە، یۆنان هەرگیز دەستبەرداری بیرۆکەی دامەزراندنی "یۆنانی گەورە" نەبوو، بەڵام ئەو دۆخە خراپەی کە پێشتر یۆنان لە جەنگی بەڵکاندا لە ساڵی ۱۹۱۲ دا تووشی بوو، بێ ئەوەی دەستکەوتێکی بەرچاوی چنگ بکەوێت، هۆکارێک بوو بۆ دواخستنی یۆنان بۆ چوونە ناو یەکەمین جەنگی جیهانیی. لەدوا

ساڵەکانی کۆتایی جەنگەکە، لاوازبوونی دەوڵەتی عوسمانیی دەرفەتێکی حەتمی بوو بۆ یۆنان بۆ بەدیهێنانی چاوەڕوانییەکانی لە ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ و ناوچەی دەریای ڕەش. بەڵام بەرژەوەندییەکانی یۆنان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئیتاڵیا بەریەککەوتنیان هەبوو. هەربۆیە بابەتی ئەوەی کە کێ کۆنترۆڵی ناوچەی دوورگەکان دەکات، کێشەیەکی دروستکرد .لە ئەنجامدا چالاکییەکانی ڤێنیزێلۆس کە بە نزیکایەتی لەگەڵ فەرەنسییەکان و هەوڵەکانی بەریتانیا و بە تایبەتی فەرەنسا بۆ قبوڵکردنی داگیرکردنی دوورگەکانی دۆدیکان وەک دەستێوەردانێک لە بێلایەنی یۆنان و هەوڵی فەرەنسا بۆ هێنانی یۆنان بۆ ناو جەنگ، هۆکار بوون کە زەمینەیان خۆشکرد بۆئەوەی ڕێگە بە یۆنانییەکان بدرێت بچنە ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ.[10]

بەپێی ئەو پەیماننامەیەی لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩١٧ دا، لە سانت جان دی مۆرین لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا واژۆکرا، ناوچەی باشووری ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ، لە نێوان سێگۆشەی ئزمیر و قەیسەری و مێرسین، جگەلە ئەنتالیا، بۆ ئیتاڵیا جێهێڵدرا. بەڵام دوای ئاگربەستی مودرۆس، ئینگلیزەکان ئامادە نەبوون ئزمیر و ناوچەکانی دەوروبەری بۆ ئیتالییەکان بەجێبهێڵن. لەلایەکی ترەوە، ڤێنیزێلۆسی سەرۆکوەزیر انی یۆنان، بەبەردەوامی داوای ئزمیر و ناوچەکانی دەوروبەری دەکرد. لەڕاستیدا ڤێنیزێلۆس لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٨دا، بەئاشکرا داوای جێهێشتنی ناوچەی ڕۆژئاوای ئەنادۆڵی کرد بۆ یۆنان. پاش ماوەیەکی کەم لە ئاگربەستی مودرۆس، یەکەم کەشتی جەنگی هاوپەیمانان، لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٨دا،هاتە ناو بەندەری ئزمیر. دوای

---

[10] Prof. Dr. Çınar Atay: The Beginning and End of the Occupation of İzmir (2-15 May 1919 and 9-13 September 1922) Dokuz Eylül University, Faculty of Architecture, 2024, p 501.

ئەو بەرواره، بەلەمی هێزەکانی هاوپەیمان، بە ئازادیی بەدرێژایی کەناراوەکانی ڕۆژئاوای ئەنادۆڵدا دەڕۆیشتن.

ڤێنیزێلۆسی سەرۆکوەزیرانی یۆنان، لە نامەیەکیدا کە لە٣٠ی دیسەمبەری ١٩١٨دا، بۆ کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس نارد، ئاماژەی بە داواکاریی زەوییەکانی ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ دەکرد.[11] بەم پێیە ڤێنیزێلۆس داوای ئەو زەویانەی ئەنادۆڵی کرد کە لە لای ڕۆژئاوای هێڵی پەڕینەوە ٢٥ کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی باندیرمەوە بەرەو دەریای ناوەڕاست دەڕوات، بۆ ئەوەی بدرێت بە یۆنان.[12] ئەو داواکارییەکانی لە کۆبوونەوەکەدا دووبارەکردەوە کە لە ٣ی فێبرایەری ١٩١٩دا، بەڕێوەچوو. لێرەدا، ئیتالیا هەستیکرد کە بەرژەوەندییەکانی لە ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی یۆنان ناکۆکە، لە ٢٨ی مارتدا، ئەنتاڵیایان داگیرکرد و دواتر لە مانگی ئەبریلدا سەربازەکانی چوونە کوشاداسی و دەستیکرد بە هەنگاونان بەرەو ئزمیر. لە٥ی مایسدا، دەیڤید لۆید جۆرج، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، دڵخۆش نەبوو بە کارەکانی ئیتالیا لە ئەنادۆڵ و ئاماژەی بەوەدا کە لە ئەگەری داگیرکردنی ڕۆژئاوای ئەنادۆڵدا، زەحمەتە بتوانن ئیتالییەکان لە ئەنادۆڵ دەربکەن. هەربۆیە ڕێککەوتنێکی لەگەڵ جۆرج کلیمێنسۆی سەرۆکوەزیرانی فەرەنسا و وودرۆ ویڵسنی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد و بەم شێوەیە لە ٦ی مایسی ١٩١٩دا، ڕێککەوتن

---

[11] ARNOLD J. TOYNBEE: THE WESTRN QUESTION IN GREEC AND TURKY, BOSTON AND NEW YORK, 1922, p 64-66.

[12] Sümeyye ÖNAL: İZMİR'İN İŞGALİ VE ETKİLERİNİN TÜRK BASINI'NA YANSIMALARI (15 MAYIS-2 HAZİRAN 1919), SAKARYA ÜNİVERSİTESİ, SOSYAL BİLİMLER ENSTİTÜSÜ, AĞUSTOS – 2020, s: 18.

لەسەر ئەوەی کە ڕێگە بە یۆنان بدات سەربازەکانی بنێرێت بۆ ئزمیر بۆ داگیرکردنی ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ.[13]

وردەکارییەکانی چوونی هێزەکانی یۆنان بۆ ئزمیر لە نێوان بەروارەکانی ٧ و ١٠ی مایسدا لە کۆنفرانسەکەدا باسکرا و ئیتاڵیاش بانگهێشت نەکرابوو. دواجار لە ١٠ی مارتدا بڕیاردرا ئزمیر داگیربکرێت. هاوپەیمانان بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیان کە بە ڤێنیزێلۆسی سەرۆکوەزیرانی یۆنانیان دابوو، هەروەها بۆ ڕێگریکردن لە پێشکەوتنی ئیتاڵیا لە ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ، بەپشتبەستن بە مادەی حەوتەمی ئاگربەستی مودرۆس، لە نیوەڕۆی رۆژی سێشەممەی١٤ی مارتی ١٩١٩، ئۆپەراستۆنی سەربازیی خۆیان دەستیپێکرد. دوورگەی ئوزون لە ناوەڕاستی کەنداو و قەڵای مۆردۆغان لەسەر کەناری ڕۆژئاوا لەلایەن بەریتانییەکانەوە داگیرکرا بەهۆی ئەو بنکە ئاسمانییەی کە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا دامەزراندبوو. قەڵاکانی فۆچا و عەلیاغا و ئورلا لەلایەن فەرەنسییەکانەوە داگیرکران و یەنی کالێ لەلایەن یۆنانییەکانەوە گیرا. دەسەڵاتدارانی عوسمانیی چاوەڕوانی دەستبەسەرداگرتنی بەندەری ئزمیر نەبوون و پێیان وابوو ئەگەر ئەوەش رووبدات، ئەوا لەلایەن ئەمریکا یان زلهێزەکانی دیکەی هاوپەیمانانەوە دەکرێت. یۆنانیەکان پێیان وابوو ئەو داگیرکارییەی کە چاوەڕێیان دەکرد ڕوودەدات. بەیانی رۆژی ١٤ی مارت، ئەدمیراڵ ڕیچارد وێب ئەو یاداشتە دیپلۆماسییەی داوە بە داماد فەرید پاشای سەرۆکوەزیرانی عوسمانیی سەبارەت بەوەی کە قەڵاکانی ئزمیر داگیر دەکرێن. جگە لەوەش، فەرماندەی کەشتیگەلی دەریای ناوەڕاستی بەریتانیا، ئەدمیراڵ ئارسەر کاڵسۆرپ، یاداشتە دیپلۆماسییەکەی بە هەمان ناوەڕۆکەوە گەیاندە ئەحمەدعیزەت بەگ کە والی ئزمیر بوو. هەروەها کاتژمێر ١٠:٠٠ی ئێوارەی

[13] Prof. Dr. Çınar Atay, The Beginning and End of the Occupation of İzmir, p502-503.

هەمان رۆژ، جەیمس مۆرگان، کۆمیساری باڵا لەکونسوڵخانەی بریتانیا لە ئزمیر، نامەی بۆ والی ئەحمەدعیزەت بەگ نارد سەبارەت بەوەی کە بەیانی رۆژی دواتر، کاتژمێر ٧ ئزمیر لەلایەن سەربازانی یۆنانیەوە داگیردەکرێت و دواوی لێکرد بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی رێگریکردن لە هەر پشێوییەک، هەنگاوبنێت. هەروەها هەمان نامەش لەلایەن کۆلۆنێلی بریتانی ئیان سمیسەوە نێردرا بۆ عەلی نادر پاشا کە فەرماندەی فەیلەقی ١٧ی سوپای عوسمانی بوو لە ئزمیر. سەربازە کانی یۆنانی کە لە سالۆنیکا و ئەسینای پایتەختەوە هاتبوون، پێشتر لە دوورگەی لێسبۆس ئامادە و جێگیر و رێکخراو بوون، لە ژێر پاراستنی کەشتییە جەنگییەکانی بەریتانیا و فەرەنسادا نزیکەی کاتژمێر ٧:٠٠ی بەیانی چوارشەممەی رێکەوتی ١٥ی مایس بە جووڵەکردن لە دوورگەی لێسبۆسەوە لە بەندەرەکەی ئزمیر دابەزین و پاش کاتژمێرێک لە ژێر فەرماندەیی کۆڵۆنێل نیکۆلاوس زافیریۆ چوونە ناو شارەکە.[14]

[14] هەمان سەرچاوە، ل ٥٠٤.

## ئەحمەدعیزەت بەگ کێیە؟

ئەحمەدعیزەت بەگ، کە بە عیزەت بەگ یان ئەحمەد عیزەت پاشاش ناودەبرێت (جیاوازە لە ئەحمەد عیزەت پاشا ئەلعابید ١٨٥٥-١٩٢٤ی راوێژکاری سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و هەروەها میرالا ئەحمەد عیزەت پاشا ١٨٦٤-١٩٣٧ی فەرماندەی سوپای سێیەمی عوسمانیی و سەدری ئەعزەم بۆماوەیەک لەساڵی ١٩١٨دا) کوڕی حوسێن پاشای میری میران کوڕی ئەحمەد پاشای خەندانە و لەنەوەی میرانی میرنشینی بابانە کە پایتەختەکەی شاری سلێمانی بوو لە باشووری کوردستان. ناوبراو زڕبرای سەعید پاشای خەندانە (١٨٣٤-١٩٠٧) کە پلەدارێکی مەزنی بەناوبانگی دەوڵەتی عوسمانیی بوو لە چەندین ماوەی جیاوازدا و پۆستەکانی وەزیری دەرەوە و هەروەها سەرۆکی شورای دەوڵەتی لەئەستۆ بووە. هەروەها مامی شەریف پاشای خەندان (١٨٦٥-١٩٥١) و فوئاد پاشا بووە و ژنبرای میرالا مستەفا پاشای یامۆڵکی (١٨٦٦-١٩٣٦) بووە، کە دواتر لەلایەن کەمالییەنەوە بە نەمرود مستەفا ناوزەد کراوە چونکە وەک سەرۆکی دادگای سەربازیی، سزای لەسێدارەدانی بۆ مستەفا کەمال دەرکرد. شایەنی باسە، کەمالییەکان لەدۆزینەوەی ناو ناتۆرە و لکاندنی بە نەیارەکانیانەوە زۆر لێهاتوو بوون، هەرئەوانیش بوون کە لەنووسینەکانی خۆیاندا ناتۆرەی "قەمبوور"یان بە عیزەت بەگەوە لکاند و بەوەش تاوەکو ئێستا لە سەرچاوە تورکییەکاندا بە "قەمبوور عیزەت" ناودەبرێت.

ئەحمەدعیزەت بەگ لە ساڵی ١٨٧١دا و لەسەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز، لە شاری ئەستەنبوڵ لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی روشدیە لە ئوسکودار تەواوکردووە. پاشان لە ساڵی ١٨٨٥دا،

**چۆتە ناو فەرمانگەی وەرگێڕانی(تەرجومان ئۆدەسی) بابی عالی و لە ساڵی ١٩٠٩دا، پلەی بەرزکرایەوە بۆ بەڕێوەبەر لە وەزارەتی دەرەوە. لە نێوان مانگی ئابی ساڵی ١٩١٢ تا مانگی مایسی ١٩١٣،وەک والی یان پارێزگاری وان کاریکردووە، هەروەها لە نێوان نۆڤەمبەری ١٩١٨ تاوەکو مارتی ١٩١٩، وەزیری ئەوقاف بووە لەو حکومەتەدا کە تۆفیق پاشا لە١١ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٨دا، دایمەزراند.[15] ئەو پاشان لە کابینەکەی دووەمی تۆفیق پاشادا کە لە سەرەتای ساڵی ١٩١٩دا دایمەزراند، لەپاڵ وەزارەتی ئەوقافدا، پۆستی وەزیری ناوخۆشی بەشێوەیەکی کاتیی وەرگرت.[16]**

**"باربارا هێنینگ " لەو کتێبەیدا کە لەسەر بەدرخانییەکان نووسیویەتی، کاتێک باسی ململانێی توندی نێوان عەلی شامیل پاشای کوڕی بەدرخان پاشا لەگەڵ ئەبوهودای سەیادی دەکات لە کۆشکی عەبدولحەمیدی دووەمدا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، رووداوێک دەگێڕێتەوە کە تایبەتە بە شەڕی نێوان عەلی شامیل پاشا و حەسەن خالید بەگی کوڕی شێخ ئەبولهودا، ئەو کاتەی کە حەسەن خالید بەگ بەگالیسکەکەیەوە بەناو فەنارباخچەدا تێپەڕدەبێت و لەلایەن عەلی شامیل بەدرخانەوە بە قامچی هێرش دەکرێتە سەری. باربارا دەڵێت کە لەو کاتەدا کەسێک لەگەڵ حەسەن خالید بەگدا لەنێو گالیسکەکەدا بووە ئەو کەسەش عیزەت بەگی برای کورد سەعید پاشا بووە.[17] ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ئەو کاتە**

---

[15] شەرەفەتین توران باس لە بوونی ئەحمەد عیزەت بەگ لەم کابینەیەدا دەکات و دەڵێت کە ئەم کابینەیە هیچ ئیتیحادییەکی تێدا نەبوو ، بەڵام کابینەیەکی ئیتئلافیش نەبوو. بڕوانە:
Şerafettin Turan Türk Devrim Tarihi 1 Cilt , Ankara, 1991, s 81.

[16] Kuneralp, Sinan, Son dönem Osmanlı erkân ve ricali, 1839-1922: Prosopografik rehber (Istanbul: Isis 2003 [1999]). s 57.

[17] Barbara Henning: Narratives of the History of the OttomanKurdish Bedirhani Family in Imperial and Post-Imperial Contexts, University of Bamberg Press Bamberg, 2018, p219-220.

ئەحمەدعیزەت بەگ پەیوەندی پتەوی لەگەڵ بەرزترین دەسەڵاتداری کۆشک و متمانەپێکراوترین و نزیکترین کەسایەتی لە سوڵتان عەبدولحەمید هەبووە کە شێخ ئەبوهودای سەیادی بووە. هەروەها باربارا لەشوێنێکی دیکەی کتێبەکەیدا، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەحمەدعیزەت پاشا لەسەر راسپاردەی شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، کە سەرکردەی تەریقەتی خالیدییە بووە لەئەستەنبوڵ و پایەیەکی گەورەی لەنێو کوردانی ئەستەنبوڵ هەبووە، پۆستی والی لە ولایەتی وان وەرگرتووە. هەروەها پاش ئەوەی ئەحمەد عیزەت بەگ لە ١١ی مارتی ١٩١٩ بووە والی ولایەتی ئایدن کە ناوەندەکەی شاری ئزمیر بوو و لە ٢٣ی مارتدا لەوێ دەستبەکاربوو، دە رۆژ لەپاش چوونی هێزەکانی یۆنانی بۆ ئەزمیر، عەبدولڕحمان بەدرخان بووە بە موتەسەریفی ئایدن و ناوبراو لە ٢٥ی مایسی ١٩١٩ لەوێ دەستبەکار بووە.[18] ئەمەش مانای ئەوەیە، کە ئەحمەد عیزەت بەگ وەک کوردزادەیەکی عوسمانیی ئەستەنبوڵیی، پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ هەردوو بنەماڵەی ناودار و خاوەن نفوزی کوردیی لە شەمزینانیی و بەدرخانییەکان هەبووە.

شایەنی باسە، ئەحمەدعیزەت بەگ وەک مستەفا پاشا یامولکی و بەشێکی دیکەی کوردانی ئەستەنبوڵ لەم قۆناغە هەستیارەی مێژووی دەوڵەتی عوسمانییدا لەپاش جەنگ، لایەنگریان بۆ فیرقەی حورییەت و ئیئتیلاف / پارتی ئازادیی و هاوپەیمانیی هەبوو کە پێشتر لەساڵی ١٩١١دا، لەلایەن لیبرالیستە عوسمانییەکانەوە دامەزرابوو و لە پاش جەنگیش لەلایەن داماد فەرید پاشاوە رێبەرایەتیی دەکرا. ئەو فەرید پاشایەی کەسایەتییەکی سەرەکیی لە سیاسەتی عوسمانیی دەورانی پاش جەنگ پێکدەهێنێت و

---

[18] هەمان سەرچاوە، ل ٢٥٨.

**سەرۆکایەتیی کەمتر لە پێنج کابینەی وەزاریی نەکرد. ئەو زۆر لە دەربارەوە نزیك بوو، چونکە زاوای سوڵتان وەحیدەدین بوو، هەربۆیە تەنیا کەسێك بوو کە جێگەی متمانەی راستیینەی سوڵتان بوو. ئەو لە ٤ی مارتی ١٩١٩ەوە تاوەکو سێپتەمبەری ١٩١٩، سێ کابینەی حکومیی دامەزراند.[19]**

**لەراستییدا، فیرقەی حوریيەت و ئیئتیلاف بڕوای بەهاوکاریی تەواو لەگەڵ هاوپەیمانەکان هەبوو تاوەکو پێکەوە بگەنە رێکەوتنێکی ئاشتیی کە قەوارەی ئیمپراتۆرییەکە و ئەو خاکەی پاش جەنگەکە ماوە، لەسایەی تاجی سەڵتەنەتدا بپارێزێت. هەروەها لەناوخۆشدا بڕوایان بەپێکەوە ژیانی تێکڕای پێکهاتە رەگەزیی و ئیتنی و ئاینییەکانی دەوڵەتی عوسمانیی هەبوو لەسایەی مافی هاوڵاتییبووندا. ئەمان بەریتانیایان بە دۆستی خۆیان دەزانیی بەپێچەوانەی ئیتحادییە تۆرانییەکانەوە کە سیستمی میلیتاریستی ئەڵمانیایان وەک نمونەی باڵای خۆیان دەبینی و دەیانویست لەسایەی بیری دەمارگیری تۆرانیی و ناسیونالیستی دوژمنکارانەدا، بەهاڕین و پاکتاوکردن و قەڵاچۆکردنی رەگەز و گەلانی ناتورك وەک ئەرمەن و کورد و یۆنانی و ئاسوری، ئیمپراتۆریی عوسمانیی بۆ دەوڵەتێکی ناسیونالیستی تورکیی رووت بگۆڕن. هەربۆیە ئەو دوو رەوتە لەپاش جەنگ توندترین ململانێ و دواتر پێکدادانیان دەستپێکرد. شایەنی باسە، سەنگی ئەم ململانێیە هەتا دەهات بەلای بەرەی دووەمدا دەشکایەوە، چونکە بەهۆی خەمساردی دەوڵەتانی هاوپەیمان، بەهۆی ململانێی خۆیانەوە، لەئاست ئایندەی دەوڵەتی عوسمانیی، هەروەها بەهۆی بەهێزی ریشە و بنەمای ئیتیحادییەکان لە نێو چینی ناوەڕاست و خوارەوەی بێرۆکراتی حکومیی و سەربازیی و مەدەنیی عوسمانییدا، تادەهات تای سەنگەکە بەقازانجی بەرەی دووەم**

---

[19] ئێریک جەی زوچەر : سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١.

**دەچووەپێش. ئەوانەی راست بوو کە کەسایەتییە یەکەمەکانی وەک ئەنوەر و تەلعەت و جەمال پاشایان لێ دوورکەوتبۆوە، بەڵام هێشتا چەندین کەسانی وەک مستەفا کەمال، کازم قەرەبەکر، فەوزی چەقماق، رەئوف ئۆربەی و جەلال بایار و عیسمەت پاشا و دەیان کادری دیکەی ئیتیحادی تۆرانییان مابوو کە بتوانن گالیسکەی تۆرانیزمی دوژمنکارانە بخەنەوە گەڕ و ئاراستەی بکەن.**

**نووسەری تورک "ئیلهامی سۆیسال" لە کتێبەکەیدا کاتێک باس لە دامەزراندنی کابینەی یەکەمی تۆفیق پاشا دەکات، لە زمانی عەلی فوئاد تورکگێڵدییەوە باس لە دەستنیشانکردنی ئەحمەد عیزەت بەگ دەکات بۆ پۆستی وەزیری ئەوقاف و پەیوەستی دەکات بە کاریگەریی نفوزی کوردانی ئەستەنبوڵەوە لەوکاتەدا. ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە لەکاتێکدا کە شێخولئیسلامی دەوڵەتی عوسمانیی "ئیبراهیم حەیدەرەی / کە خودی خۆشی کورد بووە" لە دۆڵمەباخچەوە سەردانی بابی عالی کردووە، لەوێ چاوی بە تۆفیق پاشای سەدری ئەعزەم کەوتووە، هەردووکیان سەبارەت بە دەستنیشانکردنی عیزەت بەگ بۆ پۆستی وەزارەتی ئەوقاف، گفتوگۆیان کردووە. شێخولئیسلام وتویەتی کە کارێکی باشتان کردووە ئەحمەد عیزەت بەگتان بۆ ئەو پۆستە دیارییکردووە، لەوەڵامیشدا تۆفیق پاشای سەدری ئەعزەم وتویەتی: بەڵێ راستە ئەو کەسێکی بەهێزو سەربەخۆ و دڵسۆزە.[20]**

[20] *Lhami Soysal:* Kurtuluş Savaşında İşbirlikçiler, Haziran 2018, s68-69




سەعید پاشای خەندان



شەریف پاشای خەندان



**مستەفا پاشای یامولکی**



**محەمەد تۆفیق پاشای سەدری ئەعزەم**

## وێناکردنی ئەحمەد عیزەت بەگ لە مێژوونووسیی هاوچەرخی تورکییدا

ئاشکرایە ئەحمەد عیزەت بەگ، کە "کوچک هولیا" بەنەیارێکی راشکاوی ناسیونالیزمی تورکی ناودەبات،[21] پەنجا رۆژ پێش چوونی سوپای یۆنانی بۆ ئزمیر، وەک والی ولایەتی ئایدن دەستبەکاربوو کە ناوەندەکەی ئزمیر بوو، لەبەرئەوەی ئەم رووداوەش هاندەری سەرەکی پەرەگرتنی جوڵانەوەی کەمالیی بوو، هەربۆیە لە یادگەی مێژوونووسیی تورکییدا، شوێنێکی تایبەتی گرتووە. لەم رووەوە دەبینرێت، کە زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی هاوچەرخی تورک، بەشێوەیەک باسی هەڵویستی عیزەت بەگ و بابەتەکە دەکەن، هەروەک ئەوەی ئەحمەد عیزەت بەگ پەلی سوپای یۆنانی بۆ ئزمیر گرتبێت و لەو بارەیەوە بەوپەڕی دەمارگیریی و دوور لە گیانی زانستییبوون و ئەکادیمی و بابەتییبوونەوە، رووداوەکان دەخەنە بەرچاو. لەم رووەوە، بەسوود دەبێت کە پوختەی نووسینی هەندێک لەو مێژوونووس و نووسەرانە پێشکەشبکەین.

لەم بارەیەوە، پرۆفیسۆر. دکتۆر "جیهان دورا" لەبابەتێکیدا بەناونیشانی " والی دەوڵەت چۆن شانبەشانی ژەنەڕاڵەکانی، ئزمیری رادەستی دوژمن کرد بەبێ ئەوەی یەک فیشەک بتەقێنێت؟" نووسیویەتی:

"ئەتاتورک لە "وتاری بۆ گەنجان" دا، لە دوو دوژمن ئاگادارمان دەکاتەوە: خراپەکارانی ناوخۆیی، خراپەکارانی دەرەکی... "خراپەکارانی

---

[21] Küçük, Hülya : *The Role of the Bektā<u>sh</u>īs in Turkey's National Struggle*. BRILL, A Historical and Critical Study 2002. s. 82.

ناوخۆیی" کێن؟ ئەمەش هەندێک لەوانە: ئارتین جەمال، سەعید مەولا، عەلی غالیب، شێخ سەعید، عەلی باتی، ئەنزاڤورعاسم، وەحیدەدین، داماد فەرید و عەلی کەمال و چەندانی تر...

ئەم کەسانە چ جۆرە مرۆڤێک بوون، چییان کرد؟ ئەتاتورکیستێک پێویستە زۆر باش ئەمە فێربێت و بزانێت.

ئەمانە ئەوانەن کە لە شەڕی سەربەخۆیی ئێمەدا، رق و تووڕەیی خۆیان ڕشت.

بەڵام ئەمانە لە هەموو سەردەمێکدا بوونیان هەیە و هاوشێوەکانیان تا ئەمڕۆش لە کاردان. مرۆڤە خراپەکارە ناوخۆییەکانی دژبە خەباتی نەتەوەیی بە کارەکتەر و کردارەکانیاندا بە باشی بناسین، بۆ ئەوەی بە ئاسانی ئەوانەی ئەمڕۆ دەستنیشان بکەین و تێبگەین کە ئەمڕۆ لە وڵاتەکەماندا چی دەگوزەرێت.

بەروارەکەی ١١ی مارتی ١٩١٩یە...

ئینگلیزەکان کە وا لە سوڵتان و داماد فەرید دەکەن هەرچییەک بڵێن بیکەن، دڵنیا دەبن لەوەی کە ئەحمەد عیزەت پاشا ناسراو بە قەمبوور عیزەت وەک والی ئایدن و دەوروبەری دەستنیشاندەکرێت. ئامانج لەمەش ڕێگریکردنە لە بەرەنگاربوونەوەی ئیدارەی خۆجێی و خەڵک لە دژی داگیرکاریی. لە کۆنگرەی ئزمیر، مودافەعەی حقوقی عوسمانی جەمیەتی/ کۆمەڵەی بەرگریی لەمافی عوسمانیی، پارێزگاری ئزمیر و فەرماندەی فەیلەق نورەدین پاشا کە بە سەرۆکی ئەنجومەنەکە هەڵبژێردرا، ڕایانگەیاند کە

بەرگریی لە ئزمیر دەکەن و ڕێگری لە چوونە ناوەوەی سەربازانی یۆنان دەکەن بۆ ئزمیر.

قەمبوور عیزەت یەکسەر هەنگاو دەنێت و دەڵێت: "لەم ڕۆژە ناسکانەی دەوڵەتدا ڕێگەتان پێنادەم ئارامی لە ئزمیر تێکبدەن" و دەست دەکات بە ڕێگریکردن لە ڕێکخراوە ناوخۆییەکان. ناوبراو پێشتر سکاڵای کردبوو لەسەر نورەدین پاشا کە وەک پارێزگاری ئیمیر کاریدەکرد، ئەو سکاڵاکەی لەلای داماد فەرید کردبوو و وتبووی "تەنانەت پەسەنەدی ناکات بۆ یەک ڕۆژیش پارێزگار بێت" و وایکردووە لە پۆستی پارێزگاری ئزمیر دووربخرێتەوە. ئەو، لەبری نورەدین پاشا عەلی نادر پاشای کردە فەرماندەی فەیلەقی ١٧ کە بەرپرسیار بوو لە ئزمیر و دەوروبەری. عەلی نادر پاشا سەرۆکی ئەنجومەنی دادگای سەربازیی بوو کە بۆ پاکتاوکردنی ناسیۆنالیستە تورکەکان دامەزرا...

دەریاوان گاڵسۆرپ ڕایگەیاند کە ئزمیر داگیردەکرێت، و لەگەڵ قەمبوور عیزەت، والی ئزمیر کۆبووەتەوە و لەلایەن وەزیری جەنگی عوسمانییەوە ڕاپۆرت دەدرێتە عەلی نادر پاشای فەرماندەی فەیلەقی ١٧ داگیرکاریی بەپێی بڕگەکانی ئاگربەستەکەیە و دەبێت پابەندی داواکارییەکە بێت.

والی نویێ، ڕۆژێک پێش داگیرکاریی، ئەم لێدوانەی بۆ خەڵکدا: "...تاکو ئەم ساتەوەختە هیچ بڕیارێک لە ئەوروپا نەدراوە کە پێچەوانەی بەرژەوەندی دەوڵەتەکەمان بێت. هیچ ئاماژەیەک نییە کە بڕیارەکە پێچەوانە بێت... بە پێچەوانەوە ئاماژەی دڵخۆشکەر زۆرن. هەندێک کەسانی نیازخراپ دەنگۆی ئەوە بڵاودەکەنەوە کە ئزمیر لەلایەن یۆنانییەکانەوە داگیر دەکرێت. ئەمە ڕاست نیە."

فەرماندەی نوێی فەیلەق عەلی نادر پاشا، ئەم فەرمانەی خوارەوە بۆ سەربازەکانی دەنێرێت: "...نیوەڕۆی ئەمڕۆ ئزمیر لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە داگیردەکرێت. تۆپەکان و سەرجەم کەرەستەی جەنگی تر دەگەیەنرێنە ئەو سەربازانە. فەرماندە و ئەفسەر و پیاوەکانی هەرێم لە دەرەوەی هەرێم و لە دواوە کۆدەبنەوە و بەپێی فەرمانی فەیلەق مامەڵەدەکەن. لە کاتی داگیرکاریدا بە هیچ شێوەیەک بەرگریی نابێت و ئاسانکاریی پێویست بۆ ئەو هێزە هاوپەیمانانە دابیندەکرێت کە بەرەو ئێرەدێن..."

نیوەی شەوە... هەندێک گەنج کۆبوونەتەوە و زیندان و کۆگاکانی چەک لە پرۆفیتالیا بەتاڵ دەکەنەوە. مەبەستیان ئەوەیە گردەکانی بالچۆڤا و ئیلیکا بگرن... هەندێکیان لە ڕێگادان بۆ ئۆدەمیش تەلەگرافێک کە واژۆی لێژنەی ڕەتکردنەوەی لکاندنی لەسەرە بۆ هەموو بەشەکانی وڵات دەنێرن. لە تەلەگرافەکەدا هاتووە: "ئزمیر خەریکە ون دەبێت، هەموو خەڵک لەسەر پێی خۆیانن و وروژاون". ئەم تەلەگرافە بە مژدەی ڕاپەڕین لە دژی دوژمن دادەنرێت، "ڕاگەیاندنی پرەنسیپی ڕەتکردنەوەی لکاندن"، وەک ئەتاتورک باسی دەکات.

بەیانی ١٥ی مایسی ١٩١٩...

شاندێک بە سەرۆکایەتی مەولەوی شێخ نوری ئەفەندی سەردانی والی قەمبوور عیزەت لە نووسینگەکەی دەکات. والی کە بەیاننامە ئامادەکراوەکە دەخوێنێتەوە، هەوڵدەدات شاندەکە ڕابگرێت و دەڵێت بڕیار و کاری

شاندەکە گونجاوە، بەڵام هیچ داگیرکارییەک نابێت، و یەکەکانی پۆلیس تەنیا بۆ دەستەبەرکردنی نەزمی گشتی دەتوانرێت جێگیربکرێن. هەر لەو کاتەدا دەنگی یەکێک لە ئەندامانی شاندەکە بە ناوی موفەق بەگەوە دەبیسترێت کە دەڵێت: "ئەوانەی دەیانەوێت تێبگەن کە والی چەندە ڕاستدەکات، تکایە وەرن بۆ پەنجەرەکە." کەشتیەکانی هێزی داگیرکەر خەریکە دەچنە ناو کەنداوەکە! پارێزگار هەوڵدەدات لەو ژوورەی کە تێیدایە هەڵبێت بۆ ژووری تەنیشت، بەڵام ناتوانێت سەرکەوتووبێت و لەسەر زەوی دەکەوێت و لەوێ دەمێنێتەوە.

سەربازە یۆنانیەکان لە دەرچەی ئەلسانجاک و پاسپۆرتەوە لە ژێر پاراستنی کەشتییگەلی جەنگی بەریتانیادا دادەبەزن. میترۆپۆلیتانی کریسۆستۆمۆس بە یاوەری قەشە ئۆرتۆدۆکسەکان بە ڕێورەسمێکی ئایینی سەربازەکان پیرۆز دەکات.

والی عیزەت فەرماندەدات کە "بە مەراسیمێکی تایبەت و ڕێزگرتن لە سەربازانی یۆنان پێشوازییان لێبکرێت". پاشان پەنادەباتە بەر باڵیۆزخانەی بەریتانیا.

والی قەمبوور عیزەت یەکێکە لەو کەسانەی کە ئەتاتورک بە ناوی "خراپەکارانی ناوخۆیی" لە خیانەتەکەیان ئاگاداری کردووینەتەوە. مێژوونووسان بەم شێوەیە باسی ئەم کەسە دەکەن: یەکێک لە بەڕێوەبەرە دەگمەن و نادیار و ترسنۆکەکانی مێژووی عوسمانیی... کوێرانە دڵسۆز بۆ کۆشک و وەحیدەدین، کە کۆشکی وەک خێرخوازی خۆی دەبینی... بازیچەی بەریتانیا... خزمەتێکی باشی بەهێزە داگیرکەرەکانی کردووە.

**برای کورد سەعید پاشایە، کە یەکێکە لە وەزیرەکانی دەرەوەی سەردەمی عەبدولحەمید، هەروەها مامی شەریف پاشای سەرکردەی کوردانە کە لە پاریس پێشنیازی هەڵوەشاندنەوەی نیشتمانی تورکیای کرد. ئەو خوشکەکەی لە کورد مستەفا پاشا مارەکردووە کە لەمێژوی خیانەتدا بە ناوی نەمرود مستەفا پاشا چووە مێژووەوە.**

**قەمبوور عیزەت، بە هەماهەنگییەکی تەواو لەگەڵ یۆنانییەکان، لە کاتی داگیرکاری و دوای داگیرکارییەشکەدا کاردەکات. تا ٥ی ژانویەی ١٩٢٠ بەردەوامبوو لە ئەرکەکەی و دواتر بەهۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دواییکرد. بەهۆی خزمەتەکانی، حکومەتی ئەو سەردەمەی یۆنان میدالیای" ئەنۆیتیرۆن تاکسیریس / Anoteron Taxiarhis" ی پێبەخشی. پرسەکەی لە گۆڕستانی میر سوڵتان لۆج بە مەراسیمێکی شایستە بە ئامادەبوونی بەرپرسانی سەربازیی و مەدەنی ئەو سەردەمە بە خاک سپێردرا، کە بە هاوتای پرسەی سەربازێک بە پلەی لیوای گشتیی لە لایەن حکومەتی یۆنان دادەنرا.**

**قەمبوور عیزەت مردووە، ژەنەڕاڵەکانیشی بە هەمان شێوە...بەڵام کارەکتەری ئەو و یاریدەدەرەکانی نەمردوون، هەر دەژین.**

**چاوێک لە هەندێک لە دەسەڵاتدارانی تورکیای ئەمڕۆ بکەن. زۆرێک لەو کارەکتەرانە دەبینیت. چونکە بە وردی هەڵبژێردران و لەلایەن کەسانی وەک وەحیدەدینەوە هێنرانە ئەو پۆستانە."[22]**

---

[22] Gihan Dura: Devletin Valisi Generalleriyle El Ele İzmir'i Tek Mermi Atmadan Düşmana Nasıl Teslim Etti? : https://www.altayli.net/devletin-valisi-generalleriyle-el-ele-izmiri-tek-mermi-atmadan-dusmana-nasil-teslim-etti.html.



سوڵتان وەحیدەدین



داماد فەرید پاشا

هەروەها پرۆفیسۆر .دکتۆر "تورگوت تۆرهان" لەبابەتێکیدا بەناونیشانی "قەمبوور عیزەت بەگ" نووسیویەتی:

" دەوڵەتە سەرکەوتووەکان کە بە مەبەستی بەرقەرارکردنی ئاشتی کۆدەبوونەوە، لەژێر خۆنمایشکردنی "دەوڵەتان چارەنووسی خۆیان دیاریدەکەن"، لەڕاستیدا بە هاوبەشکردنی خاکەکانیان لەسەر نەخشەی چارەنووسی دەوڵەتە دۆڕاوەکان دیاریدەکرد! عوسمانییەکانیش کە پشتیان بە بنەمای " چارەی خۆنووسین" بەستبوو، هەروەها پشکی خۆیان هەبوو لەو هەوڵە بەناو هاوبەشییانەی کە بە شادییەوە دەست لە دەست، قۆڵ بە قۆڵ، لەگەڵ خواردنەوەی شامپاین و شانۆگەریی بەردەوامبوو. ئینگلیزەکان کە لەلایەن وەحیدەدین و سەدرە ئەعزەمەکەی داماد فەرید پاشا، زۆر متمانەیان پێکرابوو، قورسایی سیاسی خۆیان لە بەرژەوەندیی یۆنان دانا و داگیرکردنی ئزمیریان لەلایەن ئەم دەوڵەتەوە پەسەندکرد. پاساوەکە ڕوونبوو: مادەی حەوتەمی ئاگربەستی مودانیا... بە واتایەکی تر، "دەوڵەتانی هاوپەیمانان مافی داگیرکردنی هەر خاڵێکی ستراتیژییان هەیە کە پێیان وایە ئاسایشی خۆیان بخاتە مەترسییەوە"!! ئایا موسڵ و کەرکوک و ئیسکەندەرون و هەندێک بەشی گرنگی تری زەویيە عوسمانییەکانیش لەسەر بنەمای ئەم مادەیە داگیرنەکرابوون؟ ئێستا نۆرەی ئزمیر بوو... ئاخر یۆنانییەکان لە ئزمیر و دەوروبەری لە ژێر هەڕەشە و مەترسیدابوون! چونکە تورکەکان خەریکی کۆمەڵکوژیی بوون!! بەم بیانووە درۆینە، ئزمیر و دەوروبەری درا بە یۆنان و دواجار لەلایەن یۆنانەوە دەستی بەسەرداگیرا.

ئینگلتەرا، کە ئەم ڕەهەندە ستراتیژییە زۆر گرنگەی داگیرکردنی ئزمیری لە کۆنفرانسی پاریسدا چارەسەرکردبوو، زۆر باش دەیزانی کە زاڵبوون بەسەر ئەو سەختییانە زۆر ئاسانتر دەبێت کە دەکرێت بە کردەوە ڕووبەڕووی ببنەوە. چونکە لە پایتەختدا، سوڵتانی نیشتمانپەروەر وەحیدەدین! کە بە توندیی

دەستی بە ئۆفیسی خەلافەتەوە گرتبوو بۆ ئەوەی خۆی و تەختەکەی و تەنانەت ژیانیشی ڕزگار بکات و پێیوابوو کە "هیچ ڕێگایەکی دیکەی دەربازبوون نییە جگە لە یەکگرتنی... ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا لە دوای خەلافەتەوە تەنها لە کۆمەڵگەیەکی موسڵماندا مانا و بەهای دەبێت. بۆیە هەوڵی دڵخۆشکردنی بەریتانییەکانیان دەدا وهەمیشە سواڵیان لێدەکردن، ئەوان بە ئاشکرا دەیانوت کە "ئەو هیواکانی سەرەتا لەسەر الله و پاشان لەسەر حکومەتی بەریتانیا" هەڵچنیوە و تەنانەت ئەوەندەش ڕۆیشت کە دەنگی پڕۆژەی جێهێشتنی سوپا و ئیدارەی عوسمانی بۆ بەریتانیا بۆ ماوەی ١٥ ساڵ، جێهشتبوو. نووسینگەی سەدری ئەعزەم لەلایەن داماد فەرید پاشا داگیرکرابوو، کە هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکی وەحیدەدین کردبوو و تەنانەت لە وەحیدەدین زێدەتر لایەنگری بەریتانییەکان بوو.

لە وێنەیەکی وادا، بۆ ئینگلیزەکان زەحمەت نەبوو ژێرخانی پراکتیکی داگیرکاریی ئامادەبکەن. ئینگلیزەکان کە وایان لە سوڵتان و داماد فەرید کرد هەرچییەک بڵێن بیکەن، سەرەتا دڵنیابوون لەوەی کە عیزەت پاشا کە ملکەچی وەحیددین و داماد فەرید و بە نازناوی قەمبوور عیزەت ناسراوە، وەک والی ئایدین و دەوروبەری لە ١١ی مارتدا دانرا ، بەو پێیەی ناوەندی کارگێڕی پارێزگای ئایدین ئزمیر بووە، عیزەت پاشا کە لە٢٣ ی مارتدا دەستبەکاربووە، لە هەمان کاتدا پارێزگاری ئزمیریشی گرتەئەستۆ. ئیدی ئەوەی مابوو ئاسان هات... کەواتە، ئەو ڕاپۆرتە تایبەتەی کە ڕیچارد وێب جێگری کۆمیساری باڵای بەریتانیا بۆ جێگری وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بۆ کاروباری دەرەوەی بەریتانیا لە مانگی یەکی ساڵی ١٩١٩ نووسیبووی، بێهودە نەبوو. وێب وتبووی: "هەرچەندە پێناچێت ئێمە وڵات داگیربکەین، بەڵام لە ئێستاوە والییەکان لە پۆستەکانیان دادەنێین یان دووریان دەخەینەوە"... بەم دامەزراندنە، ئینگلیزەکان قۆڵی ڕاستیشیان

دۆزیبووەوە کە هەموو ئەو کێشانە چارەسەربکات کە ڕەنگە لە کاتی داگیرکاریدا سەرهەڵبدەن: ئەویش قەمبوور عیزەت پاشا بوو....

یەکەمین کاری پاشا، کە لایەنگری "پارتی ئازادی و هاوپەیمانی /حوریەت و ئیئتیلاف" بوو و بەو هۆیەوە لە وەحیدەدین نزیک بووەوە و دوژمنی ئیتیحادییەکان بوو، داخستنی ڕۆژنامەکانی "ئانادۆڵو" و "دویگو" بوو کە قسەی ستایشیان دەنووسی و هەواڵیان سەبارەت بە بزووتنەوەی مستەفا کەمال دەنووسی کە لە ئەنادۆڵ دەستی بە ڕێکخستن کردبوو (پرۆفیسۆر لەبیری چووە کە مستەفا کەمال دوای چوونی یۆنانییەکان بۆ ئزمیر، ئەستەمبوڵی جێهێشتووە و پاش چەند مانگێک لەئەنەدۆڵ ئنجا بزوتنەوەکەی سەرپهەلدا/س). پاشان پاشا هەموو بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی کۆکردەوە بۆ ئۆفیسەکەی و وتی: هەموو کەسێک بە ئیتیحادی و بەلشەفیزم تۆمەتبارتان دەکەن. لەم ڕۆژە ناسکانەی دەوڵەتدا ڕێگەتان پێنادەم ئارامیی لە ئزمیر تێکبدەن". پاشان هەوڵیدا ڕێگری لە ڕێکخراوە ناوخۆییەکان بکات. دواتر سکاڵای لەسەر نورەدین پاشا کرد کە لە مانگی یەکەوە بەوەکالەت والی ئزمیر بوو ، وتبووی " ئەو مەترسیدارە کە تەنانەت بۆ یەک ڕۆژیش بێت نابێت وەک والی بمێنێتەوە ". ئەو وایکرد لە پۆستی والی دووربخرێتەوە و پۆستی والی وەربگرێت و ئزمیر لە ژێر بەرپرسیارێتی خۆیدا بێت، پاش دڵنیابوون لەوەی کە عەلی نادر پاشا لەبری نورەدین پاشا وەک فەرماندەی فەیلەقی ١٧ی بەرپرسیار لە ئزمیرو دەوروبەری دەستنیشانکرا. ئەمانە تەنیا سەرەتایەک بوون...[23] سەیرکەن عیزەت پاشا دواتر چیکرد، چ درۆیەکی کرد و چۆن پێی و ابووگەلی تورکیا فریودەدات!

---


[23] میرئاڵا محەمەد عارف کە لەدوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا بووە نوێنەری ئەسکیشەهر، لەم بارەیەوە نووسیویەتی : بێگومان دامەزراندنی قەمبوور عیزەت بە والی و عەلی نادر پاشا بە فەرماندەی فەیلەقی ١٧، مەبەستێکی خێری لە پشتەوە نەبووە، بڕوانە: اناطولی انقلاب: مجاهدات ملیە خاطرات ١٣٣٥-١٣٣٩، اقدام مطبعەسی ، استانبول ، ١٣٤٠، ص١٤ .



ئەدمیراڵ گاڵسۆرپ



ڤێنیزیلیۆس سەروکوەزیر انی یۆنان



پێشتر، دەنگۆی داگیرکردنی ئزمیر لەلایەن یۆنانییەکانەوە بڵاوبووبووەوە. لە ڕاستیدا زلهێزە هاوپەیمانەکان بە پشتبەستن بەو بڕیارەی لە نێوان خۆیاندا دابوویان، هەم حکومەت و هەم والی ئزمیریان ١٢ کاتژمێر پێش داگیرکارییەکە، واتە لە ١٤ی مایسدا، ئاگادارکردۆتەوە. ئەوان لەم ئاگادارکردنەوەیەدا، داوایان لە سەربازەکان کرد کە بەرەنگاری نەکەن. داماد فەرید پێشتر لە کونت سفۆرزا زانیبووی کە داگیرکارییەکە ڕوودەدات و چووەلای کۆمیساری باڵای بەریتانیا، ئەدمیراڵ گاڵسۆرپ، تا یاداشتێکی پێ بدات. بەڵام کاتێک ئەدمیراڵەکە ئاگاداریکردەوە کە شتێکی لەو شێوەیە ڕوونادات و تەنها بەشێک لە یەکەکانی پۆلیسی هێزەکانی هاوپەیمانان لەسەر کەنارەکە دادەبەزن، باوەڕیکردو وازی لە بەخشینی یاداشتەکە هێنا. بەرەبەیانی ١٤ی مایس، پاڵەوانەکەمان، قەمبوور عیزەت، ئەم درۆیانەی خوارەوەی بۆ پەیامنێری ڕۆژنامەی ئیسلاحات گوت: "ئەم هەڵوێستە کە خەڵک نیگەران دەکات، لە کۆنفرانسی ئاشتیدا دەرناکەوێت. ئەوانەی دەستیان بەو دەنگۆیانە کردووە، نیازی خراپ و خەونی گەورەیان هەیە. هیچ دۆخێک نییە کە ببێتە هۆی نیگەرانی"!! بەڵام قەمبوور عیزەت تاکە کەس نەبوو کە درۆی کرد. وەک ئەوەی ئەو وەڵامەی نەزانێت کە دێت، عەلی نادرپاشا تەلەگرافێکیشی بۆ بەرپرسی وەزارەتی جەنگ، شاکر پاشا نارد و دۆخەکەی بۆ ڕوونکردەوە و پرسیاری ئەوەیکرد کە چیبکەن. ئەو وەڵامەی کە وەریگرت دەریخست کە ماسییەکە لە سەریەوە ڕزیوە: "سەدری ئەعزەم، داماد فەرید پاشا، قسەی لەگەڵکرا. وتی ئێمە هیچ زانیارییەکمان لەسەر داگیرکردنی ئزمیر نییە. وەڵامێکی هاوشێوە لە لایەن داماد فەریدەوە بۆ قەمبوور عیزەت هات: "ناتوانم هیچ ڕاسپاردەیەک بکەم تا بڕیارێک لە ئەنجومەنی وەزیران وەرنەگرم"! ئایا لەمە ڕوونتر دەکرێ بڵێین "با داگیری بکەن؟" عیزەت پاشای هەژارلەم مەرجانەدا چی بکات؟

بەڵام ئزمیر دەکوڵێت، بەتایبەت گەنجەکان نەیاندەتوانی لە شوێنی خۆیان بوەستن. ئایا دەکرا ئزمیر تەسلیمی یۆنانیەکان بکرێت بەبێ شەڕ؟ ئەو گەنجانەی لە خانەی تورک کۆدەبوونەوە، لە نێوان خۆیاندا لیژنەیەکیان پێکهێناو جارێکی دیکە لەبەردەم قەمبوور عیزەتدا ئامادەبوون. عیزەت پاشا بە هیچ شێوەیەک دڵخۆش نەبوو بە تێوەگلانی خەڵک و بەتایبەتی گەنجان لەم بابەتەدا. زۆر بە ساردییەوە پێشوازیی لە لیژنەکە کرد و وتی، داماد فەرید پاشام لە هەموو شتێک ئاگادارکردەوە، چاوەڕێی وەڵامم" و گەنجەکانی لە کارەکانیان دوورخستەوە. بەڵام گەنجەکان ڕازی نەبوون و بە ژمارەیەکی زۆر زیاتر لە ئامادەیی درێژەیان بە کۆبوونەوەکەدا. نەک هەر گەنجان، بەڵکو فەرمانبەرانی حکومیی و مامۆستایان و ئەفسەران بە جلوبەرگی مەدەنی و بەشێک لە بەرپرسانی دیکەی گشتی، بەشداریی ئەم کۆبوونەوەیە بوون. لیژنەیەکی نوێ و کاریگەرتر هەڵبژێردراو جارێکی تر لەبەردەم عیزەت پاشا ئامادەبوو. پاشا چیتر بەرگەی ئەو فشارەی نەگرت و وتی: هەواڵی داگیرکاریی ڕاستە، بەڵام فەرمانم لە بابی عالییەوە سەبارەت بە داگیرکاری وەرنەگرتووە. بەڵام نامەیەک لە دەوڵەتە هاوپەیمانەکانەوە لەسەر ئەم بابەتە هات. هەر زیادەڕەوییەک لە کاتی داگیرکاریدا ڕەنگە زیان بە وڵات بگەیەنێت و ببێتە هۆی خوێنڕشتن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش با ئاشتی خۆمان بپارێزین."[24]

"ئەلیف کۆسکون" لەکتێبەکەیدا و لەژێر ناونیشانی "پیاوی ئینگلیز دەبێتە وەزیری ناوخۆ" باس لەوە دەکات کە لە دووەمین کابینەی تۆفیق پاشادا، دوو کەس لەوانەی بوونەتە وەزیری جەنگ و وەزیری ناوخۆ کە عومەر یاوەر پاشا و ئەحمەدعیزەت پاشان پیاوی ئینگلیز بوون. ئەو دەڵێت :" ئەحمەدعیزەت بەگ کە بە قەمبوور عیزەت ناسراوە بە "پیاوە بەریتانییەکەی حکومەت" ناودەبرا.

---

[24] Turgut Turhan : kambur izzet bey : https://eksisozluk.com/kambur-izzet-bey--4113166 .

ئەو تەنیا دوو مانگ پاش ئەوەی پۆستی وەزیری ناوخۆی پێدرابوو ، کرا بە والی ئزمیر و ئاسانکاریی بۆ یۆنانییەکان کرد تاوەکو ئزمیر داگیر بکەن. ئەو هەوڵێکی زۆری دا بۆئەوەی ناسیونالیستەکان لە ئزمیر دووربخاتەوە. عیزەت بەگ کە وەک والی ئزمیر دەستنیشانکرا، لە یەکەم لێدوانیدا بۆ دانیشتووانی یۆنانی ئزمیر وتی: گەلی یۆنان ، من هاوڕێیەکی پاکم..[25]

لەم بارەیەشەوە، "شەرەفەتین توران" باس لەوە دەکات کە لەسەروبەندی هاتنی سوپای یۆنانییەکان بۆ ئزمیر، نورەدین پاشای فەرماندەی پێشووی فەیلەقی ١٧ لە ئزمیر، کە بەوەکالەت والی ئزمیر بوو، ئامادەکاریی بۆ بەرگریی و هاندانی تورکە موسوڵمانەکان لەدژی هاتنی سوپای یۆنانی بۆ ئزمیر کردووە، بەڵام دواتر ئینگلیزەکان داوایان لە حکومەتی عوسمانیی کردووە کە نورەدین پاشا لە کارەکەی دووربخاتەوە. بەم شێوەیە عەلی نادر کرا بە فەرماندەی فەیلەق لە ئزمیرو و عیزەت بەگ کە بە "قەمبوور" ناسراوە، کرا بە والی.

هەروەها فەوزی چاقماق، سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپای تورکیا بەبێ دوودڵی ئەو فەرمانەیدا کە بە چەک بەرەنگاریی ئەگەری لەشکرکێشی یۆنانی ببنەوە. لەم فەرمانەدا کە لە بەرواری ١٤ی نیسانی ١٩١٩ دەرچووە، هاتبوو کە "هەر دەستدرێژییەکی یۆنانیەکان دەبێ بە توندیی لەلایەن فەیلەقەوە دژایەتی بکرێت". بەڵام کاتێک سەربازانی یۆنان گەیشتنە ئزمیر، نەتوانرا ئەم فەرمانە جێبەجێ بکرێت. چونکە لەسەر دەستپێشخەری نوێنەرانی هاوپەیمانان، فەوزی چاقماقیش لە کارەکەی دوورخرایەوە (١٤ی ئایار). عەلی نادر پاشا کە وەک فەرماندەی فەیلەق دەستنیشانکرا، لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە بە چەک بەرخۆدان بکات. عیزەت بەگی والی نوێ دەستیکرد بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی گوێڕایەڵیی و لایەنگری بەریتانیا لە کابینەکەی فەرید پاشا. هەر لەبەر ئەم

---

[25] ALEV COSKUN : Samsun den önce Bilinmeyen 6 AY Işgal , Hüzün , Hazirlik , 2008، s 174,281-282.

هۆکارە ئەندامانی کۆمەڵەی بەرگری عوسمانیی بە ئیتیحادی یان تەنانەت بەلشەفی تۆمەتبارکرد کە هەوڵی ڕووخاندنی حکومەت دەدەن.[26]

پرۆفیسۆر. دکتۆر "ئەنگین بەربەر"یش لەکتێبەکەیدا باس لەوە دەکات کە پاش ئەوەی قەمبوور عیزەت کراوەتە والی ئزمیر، ناوبراو هەموو ئەو فەرمانی دەستگیرکردنانەی جێبەجێکرد کە لەلایەن کورد مستەفا پاشای سەرۆکی دادگای حەربیەوە بۆ ئیتیحادییەکان دەرکرابوون. هەروەها لەکاتی هاتنی سوپای یۆنانی بۆ ئزمیر، داوایکردووە کە فەرماندە و سەربازەکان بەرگریی نەکەن. ئەو لەسەرزمانی عەقیدێکی تەسلیمبووی تورک بەناوی "زیا شاهان " دەڵێت :" ئەگەر پێش تەسلیمبوون قەمبوور عیزەتم ببینیایە ئەوا سەریم دەشکاند." [27]

“عەدنان گولو” لەبابەتێکدا بەناونیشانی "والی خائینی ئزمیر قەمبوور عیزەت" نووسیویەتی :

" یەکێک لەو خیانەتکارانە کورد ئەحمەدعیزەت پاشای ناسراو بە قەمبوور ئەحمەد عیزەت بەگە، (١٨٧١، ئەستەنبوڵ -١٩٢٠)، ئەو کوردێکی عوسمانیی و پارێزگار و وەزیر بوو. زڕبرای کورد سەعید پاشا و کوڕی حوسێن پاشا و مامی محەمەد شەریف پاشاو کورد فوئاد پاشایە.

ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی لە یەکەمین جەنگی جیهانییدا دۆڕا کە لە ساڵی ١٩١٤دا چووە ناو جەنگەوە و لەگەڵ ئاگربەستی مودرۆس، کە لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ واژۆکرابوو، لە شەڕەکە کشایەوە. لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕدا داگیرکارییەکانی زلهێزەکانی هاوپەیمانان دەستیپێکرد. لە نێو ئەو داگیرکاریانەدا،

[26] Şerafettin Turan Türk Devrim Tarihi 1 Cilt , Ankara, 1991, s120-121.
[27] Engin Berber : Mektuba dökülmüş anılardan Ege’de Kurtuluş Savaşı, Istanbul, 2017, s 93 , 96.

ئەو ڕووداوەی کە زۆرترین کاردانەوەی گەلی تورکیای بەلای خۆیدا ڕاکێشا، داگیرکردنی ئزمیر بوو لەلایەن یۆنانییەکانەوە.

داگیرکردنی ئزمیر هەم ئیرادەی گەلی تورکیای بۆ شەڕکردن کۆکردەوە و هەم بووە هۆی دەستپێکردنی بەرخۆدانی چەکداریی دژی داگیرکاریی. توێژینەوەکەمان لەسەر بنەمای ئەو ڕاپۆرتە ١٤ لاپەڕەییەیە کە لەلایەن عیزەت بەگەوە، والی ئزمیر، لە کاتی داگیرکردنی ئزمیر لەلایەن یۆنانییەکانەوە نووسیبووی و باسی ڕووداوەکانی نێوان ١٤-١٨ی مایسی ١٩١٩ی کردووە. ڕاپۆرتەکە دەکەوێتە ئەرشیفی سەدری ئەعزەمی عوسمانیی ، باس لە پێشهاتەکانی پێش داگیرکردنی ئزمیر دەکات، لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی لە سەردەمی داگیرکاریدا ڕوویانداوە، ئەو مامەڵە خراپەی لەگەڵ تورکەکان کراوە. نامەنووسیی عیزەت بەگ لەگەڵ نوێنەرانی زلهێزەکانی هاوپەیمانان و حکومەتی ئەستەنبوڵ، و کاردانەوەی خەڵک بەرامبەر بە ڕووداوەکان. ئامانجمان بەراوردکردنی ئەو زانیاریانەی پێشتر لە بارەی داگیرکردنی ئزمیرەوە بڵاوکراونەتەوە لەگەڵ ئەو زانیاریانەی لە ڕاپۆرتەکەدا هەن، جیاوازی نێوانیان ئاشکرا بکەین، هەروەها جارێکی دیکە لە دەمی عیزەت بەگەوە، کە بەرزترین دەسەڵاتی کارگێڕیی مەدەنی بووە لەوکاتەدا، داگیرکردنی ئزمیر ڕوون دەکەینەوە و بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی بەگ دژی داگیرکارییەکە، ئەو ئەحمەدعیزەت بەگەی کە ڕاپۆرتەکەی نووسیوە...

عیزەت بەگ، پیاوێکی بێهێز، بێ کەسایەتیی، بێ دڵ، بێدەسەڵات بوو، کۆشکی بە خێرخوازی خۆی دەزانی نەک میللەت و کوێرانە دڵسۆز بوو بۆ کۆشک. ڕەنگە هەر ئەمەش بووبێتە هۆی ئەوەی کە لەبری نورەدین پاشا، کە لە ناوەوە و چ لە دەرەوە، وەک "گوێزێکی سەخت" سەیردەکرا، بۆ والی ئزمیر دەستنیشانکرا. هەر کە والی نوێ دەستبەکاربوو، ڕێگریی لە هەوڵی ڕێکخستنی ڕۆشنبیرانی تورکیا لە ئزمیر کرد. تەنانەت بانگێشتی بەڕێوەبەرانی کۆمەڵەی کرد بۆ سەرای

ویلایەتەکە و پێی وتن "هەموو کەس تۆمەتبارتان دەکەن بە یەکێتیخوازی و بەلشەفیزم". وتیشی: "ناتوانم لەم ڕۆژە ناسکانەی دەوڵەتدا ڕێگەتان پێبدەم ئارامی لە ئزمیر تێکبدەن". عیزەت بەگ، کە لەماوەی ولایەتەکەیدا ئیدارەیەکی لایەنگری پارتی حورییەت و ئیئتیلاف پێشاندا، هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی بەرامبەر بە بەرگری لە کۆمەڵەکانی مودافەعەی حقوق پێشاندا، هەروەها ڕەخنەی زۆری لێگیرا بەهۆی هەڵوێستی بەرامبەر یۆنانیەکان چ لە سەردەمی داگیرکردنی ئزمیر و چ دوای داگیرکردنی ئزمیر، تا ئەو کاتەی کە لە ٥ی ژانویەی ١٩٢٠ بەهۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دواییکرد، بەردەوام بوو لە ئەرکەکەی. عیزەت بەگ کە بە درێژایی ماوەی پارێزگاری یۆنان بە هەماهەنگی لەگەڵ یۆنانیەکان کاری دەکرد، لەلایەن حکومەتی یۆنانەوە میدالیای "AnoteronTaksiarhis"ی پێبەخشرا. پرسەی عیزەت بەگ مامەڵەی هاوشێوەی پرسەی سەربازێک کرا کە پلەی لیوای لە یۆنان بەدەستهێنابوو و بەرپرسانی باڵای سەربازی و مەدەنی لە ئزمیر ئامادەی مەراسیمەکە بوون.[28]

"ئیلهامی سۆیسال"یش، پاش ئەوەی گوتەکانی شێخولئیسلام ئیبراهیم حەیدەری و تۆفیق پاشای سەدری ئەعزەم سەبارەت بە ئەحمەدعیزەت بەگ رادەگوازێت، کە کەسێکی بەهێز و سەربەخۆ و راستگۆیە، دەنووسێت :"بەڵێ ئەم عیزەت بەگە هەمان ئەو قەمبوور عیزەتەیە کە مامی شەریف پاشایە کە یەکێکە لە جیاخوازەکانی کورد و برا بچووکی سەعید پاشا و ژنبرای مستەفا پاشایە، کە لەکاتی داگیرکردنی ئزمیردا لەلایەن یۆنانییەکانەوە والی ئزمیر بوو. ئەو وەک سەگ لە ژووری ئۆفیسەکەی تەحەمولی سوکایەتیی یۆنانییەکانی کرد. ئەو سەرکردەیەکی پارتی حورییەت و ئیئتیلاف و ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی

[28] Adnan GULLU: Hain Izmir Valisi Kambur Izzet : https://www.marasgundem.com.tr/gundem/hain-izmir-valisi-kambur-izzet-1533365h.

دۆستانی ئینگلیز بوو. ئەو لەتۆماری خیانەتکاراندایە، بەڵام ناوی لە لیستی ١٥٠ کەسییەکەدا نەهاتووە لەبەرئەوەی کاتی تەواوی بۆ ژیان نەبووە. ئەو تاوەکو ئەو کاتەی مرد، وەک والی ئزمیرلەژێر دەسەڵاتی یۆنانییەکاندا بوو. " [29]

هەروەها "سوای کەرەمان" لە بابەتێکیدا لەیادی ١٠٠ ساڵەی (رزگاریی) ئزمیر[30] و " ئیفراڵ تورگوت"یش لە بابەتێکیدا بەناونیشانی "والی ئزمیر قەمبوور عیزەت پاشا و والی ئەدەنە حوسێن عەونی کۆش" هەمان قسەوباسی ئەو نووسەرانەی دیکەی تورکیان دووبارەکردۆتەوە و وەک خۆی هەندێک لە دەقەکانیان راگواستووە.[31]

وەک بینرا مێژوونووس و نووسەرانی تورک سەبارەت بە ئەحمەد عیزەت بەگ سەرنجێکی زۆر نەرێنییان هەیە و ناوبراویان بە خائین و ناپاک و پیاوی ئینگلیز ناوبردووە کە زرپرای کورد سەعید پاشا و مامی شەریف پاشای جیاخواز و هەروەها ژنبرای نەمردود مستەفا پاشای دوژمنی مستەفا کەمالە، ئەوەی بەویستی ئینگلیز پۆستی وەزارەتی ناوخۆی وەرگرتووە و دواتر هەر بەویستی ئەوان کراوەتە والی ئزمیر و لەوێ کەوتۆتە گیانی ئیتئحادییەکان و زەمینەی بۆ داگیرکاریی ئزمیر لەلایەن لەشکری یۆنانەوە رەخساندووە و پلانی بەرگریی ناسیونالیستە تورکەکانی هەڵوەشاندۆتەوە و دواتریش لەسایەی یۆنانییەکاندا وەک والی ئزمیر ماوەتەوە تاوەکو لە ٥ی یەنایەری ١٩٢٠دا، بە جەڵتەی دڵ مردووە و بەشکۆیەکی بەرچاوەوە لەلایەن دەسەڵاتداران و دانیشتووانی یۆنانی و موسوڵمانانی ئزمیرەوە لەوێ نێژراوە.

---

[29]*Lhami Soysal:* Kurtuluş Savaşında İşbirlikçiler,s70.

[30] https://azimvekarar.net/kurtulusun-100-yili/

[31] https://www.adanaulus.com/kose-yazilari/izmir-valisi-kambur-izzet-pasa-ve-adana-valisi-huseyin-avni-cos-126913.html

# ئەحمەد عیزەت بەگ لەنێوان هەڵسەنگاندنی کەمالیستانە و راستیی مێژووییدا

پێش هەر شتێک، کاتێک قسە لەمێژوونووسیی تورکیی هاوچەرخ دەکرێت، دەبێت ئەو راستییە لەبەرچاوبگیرێت کە مێژوونووسیی تورکیی هاوچەرخ ژاراوییە بە کەمالیزم و بەتوندیی پەیوەستە بە بیری ناسیونالیستی دەوڵەتیی پەلاماردەرانە و دوژمنکارانە و بەدەر لەهەر بابەتییبوون و گیانی زانستیی و ئەکادیمییانە، فاکت و بەڵگە و ئەرگومێنتەکانی خۆی لەو نووسراو ئەدەبیاتە هەڵدەهێنجێت کە بۆخۆی ناوی "جوڵانەوەی سەربەخۆخوازیی نیشتیمانیی تورکیی " لێناوە و لەدەرەوەی ئەو نووسرا و ئەدەبیاتەدا، نەک بەدوای راستیی رووداوە مێژووییەکاندا ناگەڕێت، بەڵکو هەتا بۆشی کرابێت بەڵگە و فاکتە مێژوویەکانی دژبە بیرو دیدی کەمالیزمی بۆ خوێندنەوەی رووداوە مێژووییەکان شاردۆتەوە و لەناوی بردووە و رێگەشی نەداوە لەدەرەوەی ئەو بۆچوون و دیدانە، سەرنجی نوێ پێشانبدرێت. ئەمەش یەکێکە لە هەرە دەردە کوشندەکان کە مێژوونووسیی تورکیی پێوە دەڵێتەوە و بەهۆی ئەو دەمارگریی و تەنگەتیلەییەی لەم رووەوە هەیە، ئەستەمە بەئاسانیی لەم دەردە رزگاری بێت و بتوانێت بەرووی بۆچوونە دژەباوەکانی کەمالیزمدا، بکرێتەوە.

لەبەرئەمە، دید و سەرنجی مێژوونووسانی تورک لەتورکیای ئەمڕۆدا سەبارەت بە ئەحمەد عیزەت پاشای کورد، هەمان ئەو دید و سەرنجە نەرێنییانەی مستەفا کەمال و ئەدەبیاتی کەمالیزمە سەبارەت بەکورد بەگشتیی و سەبارەت بەو کەسایەتییە بەتایبەتی. لەم رووەوە، پێویستە ئاماژە بەو راستییە بکرێت کە رق و کینەی مستەفا کەمال لە ئەحمەد عیزەت پاشا لەبەر چەندین هۆکاری جیاواز بوو. یەکەم ئەوەی کە ئەحمەد عیزەت برای کەسایەتیی ناودار کورد

سەعید پاشا بوو کەپێگەیەکی گەورەی لە مێژووی ئیمپراتۆری عوسمانییدا هەبوو، هەروەها مامی شەریف پاشا بوو کە مستەفا کەمال و کەمالییەکان بەدوژمنی سەرسەختی نەتەوەی تورک و خۆیانیان دەزانی، بەهۆکاری هەوڵەکانی چەند ساڵەی شەریف پاشا دژی ئیتیحادییە تۆرانییەکان لەناوەوە و دەرەوە و هەروەها کارکردنی دپلۆماسی لە کۆنگرەی ئاشتیی لەپاریس بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، کە کەمالییەکان بە زەنگێکی مەترسیداریان بۆخۆیان و پلانەکانیان لەئایندەدا دەزانی. هەروەها بەو هۆیەش کە ئەحمەد عیزەت پاشا ژنبرا و هاوکاری میرئالا مستەفا پاشا یاموڵکی سەرۆکی دادگای حەربیە بوو کە دواتر سزای لەسێدارەدانی بۆ مستەفا کەمال دەرکرد لەپای وەستانەوەی دژی فەرمانەکانی دەوڵەت. لەبەرئەوە بوو کەمالییەکان نازناوی نەمرودیان لەمستەفا پاشا نابوو ، دواتریش قەمبووریان کردە نازناوی عیزەت پاشا و هەرکات ناوی یەکێکیان بێنن ، ئەوی دیکەشی دەخەنەپاڵ.

یەکێکی تر لەهەرە هۆکارە گرنگەکانی رق و کینەی مستەفا کەمال لە ئەحمەد عیزەت پاشا بۆ مەسەلەی ئەو بەڵگەنامانە دەگەڕێتەوە کە تایبەت بوون بە جینۆسایدی ئەرمەن بەدەستی ئیتحادییەکان و لەلایەن تەشکیلاتی مەخسوسەوە لەساڵەکانی یەکەمین جەنگی جیهانییدا ئەنجامدرابوو. لەپاش جەنگ، هاوپەیمانان و رێکخراوە ئەرمەنییەکان لەهەوڵی دەستخستنی ئەو بەڵگەنامانەدا بوون کە تاوانی جەنگی سەرکردەکانی ئیتحاد و تەرەقی و قەلاچۆکردنی گەلی ئەرمەن دەسەلمێنێت بۆئەوەی بەشداربووانی ئەو تاوانی جینۆسایدە، دادگایی بکرێن. دامەزراندنی لیژنەی گەڕان و پشکنین بەدوای ئەم بەڵگەنامانە لەسەردەمی کابینەکەی تۆفیق پاشادا بوو کە تیایدا ئەحمەد عیزەت پاشای لەبری عارف پاشا کردبووە وەزیری ناوخۆ. شایەنی باسە، ئیتیحادییەکان بۆ خۆرزگارکردن لەدادگایی، بەهاوکاریی ئەڵمانەکان، هەستابوون بە شاردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە وتوانیبوویان بەشێکی زۆری

لەناوبەرن. ئەحمەد عیزەت پاشا ئامادە نەبوو ئەو ئیتیحادییە دەستگیرکراوانە بەرەڵابکات کە بەڵگەی تاوانکارییان لەبەردەست نەبوو. هەتا دواترپاش گەڕان و پشکنین، لەماڵی دکتۆر ئەحمەد رامزی ژنبرای دکتۆر بەهادین شاکیر، دەستگیرا بەسەر بەشێک لە بەڵگنامەکانی قەڵاچۆکردنی ئەرمەن و پاشان دانیشتنەکانی دادگا و لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە دەستیپێکرد. "زیا گۆک ئالپ" تیۆرسینی تۆرانییەت، یەکێک بوو لەوانەی کە شاردنەوەی بەڵگەنامەکانی سەلماندووە. "ڤاهاکن داریان" لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی "بە دۆکیومێنتکردنی جینۆسایدی ئەرمەن لەسەرچاوە تورکییەکاندا " و لەژێر سەردێڕی "کارەکان بۆ لابردنی بەڵگەکان" ئەم بابەتەی روونکردۆتەوە و دەڵێت کە عیزەت بەگی وەزیری ناوخۆش لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەیەکی ئەرمەنی ئەم کارەی پشڕاستکردۆتەوە.[32] نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەحمەد عیزەت بەگ کاریدەکرد بۆئەوەی تۆمەتبارانی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان لەدادگای مەدەنییەوە بگوازێتەوە بۆ دادگای سەربازیی. داریان، لەم رووەوە نووسیویەتی: " وەزیری ناوخۆی کاتیی ئەحمەد عیزەت (قەمبوور) لە چاوپێکەوتنێکدا ڕایگەیاند کە "ئەو بەڵگەنامانەی کە تاوانباریی ئیتیحادییەکان دەسەلمێنن، لەلایەن خودی ئیتیحادییەکانەوە وایان لێکراوە نەمێنن. هەرلەبەرئەم هۆکارەش پەنا دەبەینە بەردادگای سەربازیی تایبەت کە لەوانەیە سزای دانپێدانانی ناوخۆیی و ئیفادە وەک جۆرێک لە جێگرەوەی بەڵگەی سەلماندن کاری پێبکرێت."[33]

لەلایەکی دیکەوە، مستەفا کەمال، پەلاماری هەندێک لەرۆژنامەکانی ئەستەمبوڵی وەک "حقوق بشر"و "سربستی" کە لەلایەن رۆژنامەنووسی بەناوبانگ مەولان زادە ریفعەتی کوڕی عەبدولڕەحمان ناجیمی خەڵکی

---

[32] Vahakn N. Dadrian: DOCUMENTATION OF THE ARMENIAN GENOCIDE IN TURKISH SOURCES, by Institute on the Holocaust and Genocide, NEW YORK, 1991, P 89.

[33] هەمان سەرچاوە، ل ١٠١.

سلێمانییەوە، بەرێوەدەبرا،[34] بۆ سەرسەرکردەکانی ئیتیحاد و تەرەقی و شەخسی خۆی، بە هاندانی وەزیری ناوخۆ ئەحمەد عیزەت بەگ دەزانی، چونکە مەولان زادە ریفعەت پەیوەندییەکی توندو تۆڵی بە مستەفا پاشای یامولکی سەرۆکی دادگای سەربازیی و هەروەها بە عیزەت بەگیشەوە هەبوو. مەولان زادە لە رۆژنامەنەکەی "حقوق بشر" سەرکردەکانی سوپای بە دزیی و گەندەڵیی تۆمەتبارکردبوو، مستەفا کەمالیش لە رۆژنامەی "ینی گون / رۆژی نویێ"وە، هێرشێکی توندی کردبووە سەر مەولان زادەو دواتر ناوبراو ئەم بابەتەی لە دادگا کردە دۆسییەک لەدژی مستەفا کەمال. مستەفا کەمال بەردەوام دادگاییەکەی لەرێگەی پارێزەرەکەیەوە دوادەخست و ئامادەنەبوو لەگەڵ مەولان زادەدا رووبەڕووبێتەوە، هەتاوەکو ناوەڕاستی مانگی مایسی ١٩١٩ مایەوە و لەوکاتەدا مستەفا کەمال ئەستەمبوڵی بەرەو سامسۆن جێهێشت.[35]

چوونی سەربازانی یۆنانی بۆ ئزمیر و هەڵوێستی ئەحمەد عیزەت پاشا لەو بارەیەوە، کە ئەوکاتە پەنجا رۆژێک دەبوو پۆستی والی ئزمیری وەرگرتبوو، هۆکارێکی هەرە سەرەکی دیکەیە بۆ رق و کینەی کەمالییەکان و ێناکردنی نەرێنی ناوبراو لە ئەدەبیاتی مێژوویی تورکیی کەمالییدا. لەراستییدا، مێژوونووسانی تورک وای پێشاندەدەن کە ئەحمەد عیزەت پاشا (بەقەولی خۆیان قەمبوور عیزەت ) هەرلەسەرەتاوە ئامرازێک بووە بەدەستی ئینگلیزەکانەوە و بە وەرگرتنی رێنمایی لە شەریف پاشای خەندانی برازایەوە، لەرێگەی پوچەڵکردنەوەی پلانی

---

[34] بۆزانیاریی زیاترسەبارەت بە مەولان زادە ریفعەت و عەبدولڕەحمان ناجیم بڕوانە:

پرۆفیسۆر.دکتۆر یاسین سەردەشتی: چیرۆکی مەزنە رۆژنامەنووسێکی کوردی لەبیرکراو مەولان زادە ریفعەت بەگ خاوەنی سەربەستی و عاشقی ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٢٣ ؛ پرۆفیسۆر.دکتۆر یاسین سەردەشتی : مافناس و شاعیر و ئەدیبی کورد عەبدولڕەحمان ناجیم (١٨٣٣-١٨٩٥) بەدواداچونێکی بەڵگەنامەیی، سلێمانی ، ٢٠٢٣.

[35] Mustafa COŞKUN: MEVLANZADE RIFAT BEY’İN GAZETECİLİK HAYATI VE SİYASİ FAALİYETLERİ , S 122-123.

بەرگریکاریی ئەفسەران و کاربەدەستانی تورکە ئیتحادییەکانی وەک نورەدین بەگ و جەلال بایار و جامی بەگ، زەمینەی دابەزینی سوپای یۆنانی لەسەر خاکی ئزمیر خۆشکردووە و وەک والی ولایەتەکە و بەرزترین کاربەدەستی ئەو هەرێمە، بێ تەقە ئزمیری رادەستی هێزەکانی یۆنانی کردووە و دواتریش پاداشتی ئەم کارەی بە مانەوەی لە پۆستەکەی و پێدانی مێدالیای ئەنۆیتیرۆن تاکسیریس لەلایەن یۆنانییەکانەوە وەرگرتۆتەوە. ئەم هەڵسەنگاندنە ناڕاست و نازانستییەی کە لەگەڵ فاکتە مێژووییەکاندا ناکۆک و پێچەوانەیە.

بێگومان لەلای بایەخدارانی مێژووی عوسمانیی و هەوڵی دیپلۆماسیی و دانیشتنەکانی هاوپەیمانان لە پاش یەکەمین جەنگی جیهانی و رووداوەکانی کۆنگرەی ئاشتیی لەپاریس روونە، کە کەیسی چووونی سەربازانی یۆنانی بۆ ئزمیر لە ١٥ی مایسی ١٩١٩دا، زادەی هەوڵە پێشینەییەکانی ڤێنیزیلۆسی سەرۆکوەزیرانی یۆنانی بوو لەپاریس و دەرئەنجامی رازیبوونی سەرۆکانی وڵاتە زلهێزەکانی بریتانیا-فەرەنسا- ئەمریکا بوو لە کۆنگرەی ئاشتی، بەشێوەیەک کەلەبەرامبەر بەشداریی یۆنان لەجەنگەکەدا، هەندێک ناوچە لەکەنارەکانی ئەنەدۆڵی رۆژئاوا و لەوانە ئزمیر کە پێشتر وابڕیاربوو بدرێتە ئیتالییەکان، بۆ یۆنانییەکان تەرخانبکرێت. واتە ئەم بابەتە زادەی بڕیاری زلهێزە هاوپەیمانەکانی براوەی جەنگ بوو لەکۆنگرەی ئاشتیی و جێبەجێکردنیشی بەگوێرەی بەندی حەوتەمی رێکەوتنی ئاگربەستی مۆدرۆس بوو لەنێوان هاوپەیمانان و دەوڵەتی دۆڕاوی عوسمانییدا کە سەرکردەکانی بەئەنجامدانی جینۆسایدی ئەرمەن و رەگەزە مەسیحی و ناتورکەکانی ئیمپراتۆرییەکە، فەرمانی گرتن و دادگاییکردنیان بۆ دەرچوو بوو.

حکومەتی تازەدامەزراوی عوسمانیی لەپاش جەنگ، بەوهۆیەی کە نوێنەرایەتییەکی ئامادەی لەدانیشتنەکانی کۆنگرەی ئاشتییدا نەبوو، بەوردیی ئاگاداریی کەینوبەینی دیپلۆماسی وڵاتانی هاوپەیمان نەبوو سەبارەت بۆ

دابەشکردنی ناوچەی نفوز لەقەڵەمڕەوی عوسمانییداو دەیوست بەسیاسەتی رازییکردن و خۆنزیککردنەوە لەبرتانیا، تاجی سەڵتەنەت و قەوارەی دەوڵەتەکەی بپارێزێت و بەکەمترین زیان لێی دەربچێت. شایەنی باسە، خودی یۆنانییەکانیش لەم قۆناغەدا و تەنانەت دوای چوونی هێزە سەربازییەکانیشیان بۆ ئزمیر، هێشتا بەتەواوەتی لەسەر شێوازی چارەنووسی ناوچەکە یەکلا نەببوونەوە ئاخۆ کار بۆلکاندنی ناوچەکە بکەن بە دەوڵەتی ناوەندیی یۆنانەوە، یان بەشێوەیەکی ناناوەندیی کاروباری ناوچەکە بەڕێوەببرێت و لەئایندەدا لەڕێگەی ئەنجامدانی ریفراندۆم لەنێو دانیشتووانی ناوچەکە، کەیسەکە یەکلایی بکرێتەوە.

بەرپرس و کاربەدەستانی پلەدووی ئیتحاد و تەرەقی، کە پاش هەڵاتنی سەرکردە باڵاکانیان، لەنێو سوپا و دەزگای ئیداریی و و ژاندارم مابوونەوە و لەنێو شارەوانییەکان و لەنێو بازاڕ و خەڵکدا نفوزێکی زۆریان هەبوو، بەهەستیارییەکی زۆرەوە لەگەڵ مەسەلەکەدا مامەڵەیان دەکرد و بەناوی پاراستنی رەگەزە تورک و موسوڵمانەکانەوە لەهەوڵی وروژاندنی رای گشتیی و هاندانی خەڵک بوون لەدژی حکومەتی ئەستەنبوڵ کە لەبەر ئاڵۆزیی دۆخەکە و زۆری کێشەکان، نەیدەتوانی کابینەی بەهێزو درێژماوە بێنێتەسەرکار. شایەنی باسە، ئیتیحادییەکان کەبەناوی حزبی تەجەدودەوە هاتبوونەوە مەیدان، شارەزاییەکی زۆریان لە کاری وراژاندن هەبوو لەڕێگەی هەندێک لە رۆژنامەکان و کاری پرۆپاگندەیی رێکخراو لەنێو دەزگاکان و خەڵکدا. ئەوان کە لەساڵانی جەنگدا، بەپشبەستن بەئەڵمانیا، بەرنامەی گۆڕینی ئیمپراتۆری فرە نەتەوە و فرە رەگەزی عوسمانییان هەبوو بۆ دەوڵەتێکی تۆرانیی و لەهەربەرەیەکی شەڕدا شکابوون، قەڵاچۆیەکی سیستماتیکی گەلە ناتورک و ناموسوڵمانەکانی وەک ئەرمەن و کورد و ئاسوری و عەرەب و یۆنانیان کردبوو، ئەمێستا دەیانویست لەڕێگەی ورژاندن و نانەوەی پشێویی و ئاژاوەیەکی گەورە لەنێوان تورکە

موسومانەکانی ئەنەدۆڵی رۆژئاوا و ولایەتی ئایدنەوە کە ئیزمر ناوەندەکەی بوو، لەگەڵ رەگەزە مەسیحییەکانی ئەوێ لە یۆنانی و ئەرمەنەکان کە رێژەیەکی بەرچاوی دانیشتووانی ناوچەکەیان پێکدەهێنا، دەرفەتێک بۆ لاوازکردن و شکستپێهێنانی حکومەتی ئیئتیلافی ئەستەمبوڵ و بەهێزکردنی پێگەی خۆیان و ژیانەوەی خەونەکانیان بقۆزنەوە.

لەراستییدا، بەشێکی ئەم رێحەزەی سەرکردەی ئیتحادییەکان بۆ قۆناغێکی پێشتریش دەگەڕێتەوە، وەک "ئەریک جەی.زوچەر" دەنووسێت: " لێرەوە چەند سەرکردەیەك لە ساڵی ١٩١٨دا رۆڵیان بینی، لەوەدەچوو ئەنوەر هێزی ئاراستەکەریان بێت. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە تەنیا خولی یەکەمی جەنگەکەیان لەدەستداوە، هەروەك لە ساڵی ١٩١٣دا لە بالکان روویدا، هێشتا دەرفەت لەبارەو لە خولی دووەمی جەنگەکەدا عوسمانییەکان بتوانن هێرش و هەڵمەتی پەلاماردەرانەی خۆیان دەستپێبکەنەوە. ئەنوەر لە کۆتایی جەنگدا لەژێر کاریگەریی باوەڕی پان ئیسلامیی و بە تایبەتییش پان تورکییزمدا بوو...گرنگترین هەنگاو کە لەلایەن سەرکردەی ئیتحادییەکانەوە پێش کۆتاییهاتنی جەنگ هاوێژرا بریتیبوو لە دامەزراندنی "قەرەقول/پاسەوان". بیرۆکەی ئەمەش هەر لەلایەن ئەنوەرو تەلعەتەوە هەفتەیەك پێش ئەوەی وڵات جێبهێڵن، پێشکەشکرا. دامەزرێنەری راستەقینەی قەرەقول بریتیبوو لە "قەرە یوسف"ی ئەندامی بایەخداری بازنەی نێوخۆیی ئەفسەرانی یەکێتییخواز، هەروەها "قەرە کەمال" رابەری کۆمەڵەی یەکێتییخوازان لە ئەستەمبوڵ. ناوی ئەم رێکخراوە لە ئەرك و نازناوەکەیەوە وەرگیرابوو، ئامانجەکەش پاراستنی یەکێتییخوازەکان بوو لە هەلومەرجەکەی پاش جەنگداو شاردنەوەو پاراستنیان بوو تا ئامانجی بەهێزکردنی بەرەنگاریی بوو لە ئەنەدۆڵ و قەفقاس، بەوەی پیاوی کاراو پارە، چەك و ئازوخەیان لە پایتەختەوە بۆ رەوانە بکەن.

لەکاتێکدا کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی خەریکی هێنانە کایەی جوڵانەوەیەکی بەرەنگاریی چەکدارانە بوون لە ئەنەدۆڵ ، هەمان کات خەریکی ئامادەکاریی بوون بۆ پارێزگاریی ئاشکرا لە مافی دانیشتووانی تورکانی موسوڵمان لەناوچانەی شیمانەی ئەوەی لێدەکرا بکەوێتە بەر هەڕەشەی مەترسیی لەلایەن یۆنانیی، ئەرمەنیی، فەرەنسیی، ئیتاڵیی یاخود بەریتانییەکانەوە. ئەم دەستپێشخەرییە چووە قاڵبی دامەزراندنی چەند رێکخراوێی هەرێمییەوە بەناوی"رێکخراوەکانی پارێزگاریی لە مافە نەتەوەییەکان/ جمعیت مدافعە حقوق" ئەوانە رۆڵێکی زیندوویان لە هێنانەکایەی جوڵانەوەی بەرەنگاریی نەتەوەییدا لە ئەنەدۆڵ (هەروەها لە تراقیا) بینی. یەکەمین رێکخراوێکی لەو شێوەیە لە سەرەتای نۆڤەمبەری ١٩١٨دا دامەزرێنرا.

کاتێك جوڵانەوەی بەرەنگاریی نەتەوەیی لە ئەنەدۆڵ پەرەیگرت، دوژمنی سەرەکییان خۆی نە لە بەریتانیی و نە لە فەرەنسییەکاندا دەبینییەوە، بەڵکو یۆنانییەکان بوون. یۆنان بە پشتگیریی بەهێزی بەریتانییەکان مافی داگیرکردنی ئەو ناوچەیەی دەوروبەری ئەزمیریان لە ساڵی ١٩١٩دا بەدەستهێنا."[36] بێگومان، لەم رووەوە، ولایەتی ئایدن و شاری ئزمیری ناوەندەکەی، پشکی شێری لە ئاڵۆزیی ورووژاندن و پرۆپاگەندە و نووسینی رۆژنامەکان و رووداوی نەخوازراو، بەخۆوە بینی. هێندە بەسە کەبوترێت کە گۆڕانکاریی و رووداوەکان لەو ولایەتە ئەوەندە خێرابوون کە لەماوەی چوار مانگدا، بەدیارییکراوی لە نۆڤەمبەری ١٩١٨ەوە بۆ ناوەڕاستی مارتی ١٩١٩، جگە لە ئەحمەد عیزەت بەگ، چوار والی دیکەی بەناوەکانی : رەحمی بەگ، حەسەن تەحسین، ئیبراهیم ئاسیم و نورەدین پاشاوە، بەخۆوە بینیبوو. ئیتیحادییەکان یان یەکیتییخوازەکان لەم قۆناغەدا، لەرێگەی نورەدین پاشای فەرماندەی فەیلەقی ١٧ و والی کاتیی ئزمیر، هەروەها

---

[36] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٨-٢٠٩.

جامی بەگ، شوکور ئۆغوز ئاڵپکایە، موفتی رەحمەتوڵلا، ئەحمەد دینۆ، عەبدولڕەحامن سامی و حاخی حەسەنی سەرۆکی شارەوانیی کەوتبوونە ریکخستنی لایەنگرانیان و هەوڵی هاندانی گەنجان و هەستی ئیسلامیزم و تورکیزمیان لەدژی رەگەزە مەسیحییەکانی وەک یۆنانی و ئەرمەنییەکان لە ولایەتەکە دەدا و کۆمەڵەیەکیشیان پێکهێنابوو، هەروەها کەوتبوونە پارەکۆکردنەوەو کۆمەڵێکی زۆر چەکی قورس و تۆپ و و تەقەمەنیشیان رەوانەی ناوچەکە کردبوو و لە شوێنی نهێنییدا، شاردبوویانەوە، ئەوەی کە دواتر ئەحمەد عیزەت بەگ ئاشکرای کرد و بۆ رێگرتن لە ئاژاوە و خوێنڕشتنی نێوان رەگەزە جیاوازەکانی ناوچەکە و هەڵگیرساندنی شەڕی قەومی و کۆمەڵکوژیی، دەستی بەسەرداگرت.[37]

یۆنانییەکانیش لەو رووەوە کەمتەرخەم نەبوون و بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدابوون لەرێگەی پەیوەندییکردن بە دانیشتووانە یۆنانیی و ئەرمەنییەکان و راکێشانی سەرنجی کڵێسای رۆمی و یاداشتنووسین بۆ بەرپرسانی وڵاتانی هاوپەیمان و پێشاندانی زوڵمی چەند ساڵەی دەسەڵاتدارانی تورکی عوسمانیی و داواکردنی پەرەپێدانی دۆخی ئابووریی و پەیوەستبوونیان بە یۆنانەوە. دیارە رۆژنامە بەناوبانگەکانی یۆنان سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووانی یۆنانی و ستەمی چەند ساڵە و خواستیان بۆ چوونەژێر سایەی دەوڵەتی یۆنانەوە، بابەتی ئاگرین و ورووژێنەریان دەنووسی و لەئزمیر و ناوچەکانی دیکەش نوێنەر و کۆنسوڵەکانیان کەوتبوونە جووڵە. ئەم ورووژان و وتارە ناسونالیستییە ناکۆک و دژبەیەکە، زیاتر ئاگری ناکۆکیی نێورەگەزیی لە ولایەتەکە و شاری ئزمیر، بەتایبەت لەنێوان تورک و دانیشتووانە یۆنانییەکە خۆشدەکرد.

---

[37] Erdal YILMAZ : DÖRT DEVİRDE BİR MUHALİF ABDÜLKADİR CAMİBAYKURT (1877-1949) ‹(Mütareke Dönemi Hatıraları ile Birlikte) ‹ ANKARA, 2018 ‹ s 78-82.

شایەنی باسە، لە وەڵامی خۆپێشاندانی دانیشتووانە یۆنانییەکەی بۆ بەستنەوەی ناوچەکە بە دەوڵەتی یۆنانەوە وەک ڤێنیزلیۆسی سەرۆکوەزیرانی یۆنانیی بەگەرمیی کاری بۆ دەکرد، وەفدێکی هاوبەشی عوسمانیی لە ئەستەمبوڵەوە بەسەرۆکایەتی شازادە عەبدلرەحیم ئەفەندی لەکۆتایی مانگی نیساندا سەردانی ناوچەکەیان کرد و لە٢٦ی نیساندا، لایەن کۆمسیۆنیکەوە لە ئزمیر بەسەرۆکایەتی والی ئەحمەد عیزەت بەگەوە پێشوازییان لێکرا. ئامانج لەهاتنی ئەم وەفدە هێورکردنەوەی دۆخەکە و جەختکردنەوە بوو لە عوسمانیبوونی ئزمیر بەتەواوی پێکهاتەکانییەوە. [38]

وێڕای هەموو ئەمانە، کەشتیگەلی هاوپەیمانان بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەی کۆنفرانسی ئاشتیی لەپاریس و بەپشتبەستن بە مادەی ٧ و ٢٠ی رێکەوتنی ئاگربەستی مۆدۆرۆس، کەوتنە جووڵە و دوو کەشتی گەورە و دووانی بچووکی هێزی دەریایی یۆنانیش لەژێر چەتری کەشتیگەلی ئینگلیزیی و فەرەنسیی و ئەمریکییدا، لەرۆژی ١٤ی مانگدا، گەیشتنە کەناری ئزمیر و بڕیاربوو بۆ سبەی کاتژمێر٧ی بەیانی دابەزن و لە کاتژمێر٨دا بچنە ناو شارەکەوە. هاوپەیمانان بۆ رێگریی لەهەر کاردنانەوە وکەوتنەوەی هەرا لەنێو دانیشتووان، ئەم ئۆپەراسیۆنەیان بەنهێنیی هێشتەوە و تەنیا ١٢ کاتژمێر پێش دابەزینی هێزەکانی یۆنانی بۆ ئەزمیر ، حکومەتی ئەستەنبوڵ و دواتر ئەحمەد عیزەت بەگی والی ئزمیر و عەلی نادرپاشای فەرماندەی فەیلەقیان لێ ئاگادارکردەوە.[39]

---

[38]Şerafettin Turan Türk Devrim Tarihi 1 Cilt , Ankara, s115.
[39]Hasan Demirhan, "Yunanistan'ın İzmir'i İşgalinde İngiltere'nin Rolü", Gaziantep Üniversitesi Sosyal Bilimler Dergisi, Vol. 18, No. 5, October 2019, p. 1532 ; Sümeyye ÖNAL: İZMİR'İN İŞGALİ VE ETKİLERİNİN TÜRK BASINI'NA YANSIMALARI (15 MAYIS-2 HAZİRAN 1919) , YÜKSEK LİSANS TEZİ, SAKARYA ÜNİVERSİTESİ SOSYAL BİLİMLER ENSTİTÜSÜ, AĞUSTOS – 2020, s 31

کاتێک ئەحمەد عیزەت بەگ هەواڵی هاتنی کەشتیگەلی هاوپەیمانانی بیست، بۆ خۆی بەرێکەوت تاوەکو لەزمانی سەرکردە سەربازییەکانی هاوپەیمانانەوە، راستییەکان بزانێت. ناوبراو کە پاشتر راپۆرتێکی ١٤ لاپەڕەیی لەبارەی چوونی سوپای یۆنانی بۆ ئزمیر و رەوشی شارەکە لەنێوان ١٤-١٨ مایسدا بۆ سەدری ئەعزەم نووسیوە و لەئەرشیفی عوسمانییدا هەڵگیراوە، بەم شێوەیە باسی سەردانەکەی خۆی بۆ لای ئەدمیراڵ گاڵسۆرپ فەرماندەی کەشتی جەنگی ئایرۆنی بریتانی و کۆبوونەوە کاتژمێر و نیوییەکەی لەگەڵیدا دەکات:

" ئەدمیراڵ گاڵسۆرپ بە میهرەبانی و ڕێزێکی زۆرەوە پێشوازیی لێکردم. هەروەها جەیمس مۆرگان لە چاوپێکەوتنەکەماندا ئامادەبوو. لەخۆوە سروشت و مەودای یاداشتەکەی بەیانی بۆ ڕوونکردمەوە. پێیانوتم ئەم ئێوارەیە لە پاریسەوە تەلەگرافێک دێت، کە تێیدا هاتووە شاری ئزمیر دەخرێتە ژێر داگیرکاری سەربازییەوە. کاتێک پرسیاری ئەوەی لێکرا کە کێ ئەم لەشکرکێشییە ئەنجام دەدات، وتی کە پێدەچێت لەلایەن سوپای یۆنانیەوە بێت. کە گوێم لەم قسانە بوو، یاداشتەکەم فڕێم دا. وە پێم وایە دەستمکرد بە گریان، وتم "ئەی ئەدمیراڵ، ئەمە چ جۆرە شتێکە؟" وتیشی: "چی بکەم؟ ئەوە بڕیاری پاریسە". گوتم باشە ئایا بڕیارەکەی پاریس لە ئەنجامی بڕیارێکەوە بێت کە ئەوەندە ناڕەوا و ناعەمەلییە؟ وتی: من سەربازم، ناتوانم بەم شێوەیە موناقەشە بکەم. پێم گوت من شایستەی موناقەشە نیم، بەڵام ناتوانرێت ڕاست بێت بەبێ ئەوەی پێت بڵێم ئەو زیانانەی کە ئەمە دەیگەیەنێت و ئەو کارەساتانەی کە لێی دەکەوێتەوە، ڕاستییەکەش ئەوەیە کە ئێمەین بە ڕاگەیاندنی شەڕ لەدژی ئێوە کوشتنمان ئەنجامداوە، و ئەمڕۆ لە دۆخێکداین کە سزا بدرێین، بەڵام ئەم سزایە دەبێت بە جۆرێک ماقوڵ بێت. ئەم ڕێوشوێنە دەبێتە هۆی کارەسات بۆ ئەم وڵاتە. وتم ئەگەر بتوانرێت داوا دەکەم ئەم داگیرکارییە بۆ یۆنان تەرخان نەکرێت، وتی ئەمە لەدەرەوەی ئەرکی منە. من

هەرگیز ناتوانم دەستوەردان بکەم، ئەمە لکاندن نییە، تەنها داگیرکارییەکی سەربازییە. بۆیە وتی: "پێویست ناکات لەو بارەیەوە ئەوەندە خەمۆک بیت."[40]

شایەنی باسە، ئەدمیراڵ گاڵسۆرپیش لای خۆیەوە ئاماژەی بەم دیدارە لەگەڵ ئەحمەد عیزەت بەگدا داوە و دەڵێت : " والی ویستی لەگەڵم کۆببێتەوە. وادیاربوو زۆر دڵەڕاوکێی هەبوو. تێگەیشت کە ئزمیر لەلایەن سەربازانی یۆنانیەوە داگیر دەکرێت. ئەو دەیزانی کە ئەمە چ کاریگەرییەکی ترسناکی لەسەر تورکەکان دەبێت و بە درێژیی بۆی ڕوونکردمەوە. من بەڕوونی پێموت کە زلهێزەکانی هاوپەیمان بڕیاری خۆیان داوە و مەحاڵە پاشەکشە بکەن. هەرلەبەر ئەم هۆکارەش ئامۆژگاریی والیم کرد کە هەمووهەوڵێک بدات بۆ دوورکەوتنەوە لە نائارامی. لە ڕاستیدا ئەم هەواڵە لە لایەن ڕۆژنامەکانی بەیانیەوە نووسراوە. پارێزگار ئەو کەسە بوو کە ڕایگەیاند. ئاماژەی بەوەشکردووە، "بەڵێنیدا تا دەتوانێت خەڵک ئارام بکاتەوە و داوای هاوکاریم لێکرد، دواتر ڕۆیشت."[41]

"کارایامان" کە پشتی بە بەراپۆرتەکەی ئەحمەد عیزەت بەگ بەستووە، لەم بارەیەوە دەنووسێت :" عیزەت بەگ کە بۆ ماوەی یەک کاتژمێرو نیو کۆبوونەوەی لەگەڵ دەریاوان گاڵسۆرپ کرد، دوای کۆبوونەوەکە گەڕایەوە ماڵی حکومەت و یاداشتێکی بۆ موفتی شارۆچکەکە و سەرۆک شارەوانییەکان نووسی و تیایدا ئاماژەی بەوەدا کە دەنگۆی لکاندنی وڵات تەنانەت پرسێک نەبووە و ئەو پرسە تەنیا داگیرکارییەکی سەربازیی کاتیی بووە ...جەختیشی کردەوە کە پێویستە خەڵکی موسڵمان ئارام بکرێتەوە و بەو پێیە دڵنەوایی بدرێن. ئەو بەو خەڵکەی گوت کە بە دڵەڕاوکێیەوە لە ماڵی حکومەت چاوەڕێی بڵاوەپێکردن بوون و

[40] Mehmet KARAYAMAN: İZMİR VALİSİ İZZET BEY'İN KALEMİNDEN İZMİR'İN İŞGALİ , Uşak Üniversitesi, Fen-Edebiyat Fakültesi, Tarih Bölümü, ÇTTAD, VI/15, (2007/Güz), s.8.
[41] M. Şevki Yazman, "İzmir Faciası", Dünya Gazetesi, 19 Mayıs 1968, Tefrika No:5.

ڕایگەیاند کە لکاندن لە دەرەوەی پرسەکەیە و دۆخەکە تەنها داگیرکارییەکی سەربازی کاتییە. .. والی عیزەت لەڕێگەی جەیمس مۆرگانەوە داوای لە ئەدمیراڵ گاڵسۆرپ کرد کە یەکەیەکی ۲۰۰-۳۰۰ کەسی بۆ پاسەوانیی و خزمەتکردن لە گەڕەکە موسڵمانەکان داببن بکات بۆ ئەوەی مۆراڵی خەڵک بە بەرزی بمێنێتەوە و نەزمی گشتی لە کاتی داگیرکاریدا مسۆگەربکات، بەڵام وەڵامێکی ئەرێنی وەرنەگرتەوە. لەو وەڵامەدا کە پێی دراوە، ئاماژە بەوە کراوە کە دەتوانێت یەکە سەربازییەکان بە فەرماندەیی ئەو ئەفسەرانەی کە متمانەی پێیانە، بۆ گەڕان بە گەڕەکە موسڵمانەکاندا وەربگرێت. لە نامەیەکیشدا کە بۆ عەلی نادر پاشای ناردووە، والی عیزەت بەگ داوایکردووە کە ئەو سەربازانەی لەژێر فەرماندەیی فەرماندە غەیرە ئیتیحادییەکانن، بەدەوری گەڕەکەکاندا بجوڵێن، بەڵام هەرگیز نابێت سەرباز بنێرێتە گەڕەکە مەسیحییەکان." [42]

پێویستە بوترێت کە ئەحمەد عیزەت بەگ بەدرێژایی شەوی ۱٥/۱٤ی مایسی ۱۹۱۹، لەئۆفیسەکەی خۆی بەدەم ئەوخەڵکانەوە بوو کە شڵەژابوون و دەهاتن بۆئەوەی سەبارەت چارەنووسی خۆیان و شارەکە، راستییەکان بزانن، هەروەها تاوەکو کاتژمێر پێنجی بەیانی لەهەوڵی پەیوەندییکردن بە ئەستەنبوڵەوە بوو تاوەکو ڕێنمایی پێویست وەربگرێت، بەڵام هیچ وەڵامێکی دەستنەکەوت. هەربۆیە کاتژمێر شەش، یاداشتێکی ناڕەزایەتیی دژی هەر داگیرکارییەکی سوپای یۆنانی نووسی و بەجێمس مۆرگاندا رەوانەی ئەدمیراڵ گاڵسۆرپی کرد.[43] عەلی نادر پاشای فەرماندەی فەیلەقیش پەیوەندیی بە شاکیر پاشای وەزیری جەنگەوە کردبوو، بەڵام پێیوترابوو کە هیچ ڕێنماییەک بۆ

---

[42] Mehmet KARAYAMAN: İZMİR VALİSİ İZZET BEY'İN KALEMİNDEN İZMİR'İN İŞGALİ , s 9.

[43] هەمان سەرچاوە، ل ۹.

بەرەنگاریی و شەڕکرن نییە و هێزە سەربازییەکان دەبێت بگەڕێنەوە ناو سەربازخانەکان و چەکەکانیان لێوەربگیرێت و نەچنە دەرەوە.[44]

بەم شێوەیە، ئەحمەد عیزەت بەگ بەو ئاگادارکردنەوەیە ناوەختەی کەشتیگەلی هاوپەیمانان سەبارەت بە دەستبەسەرداگرتنی شاری ئزمیر لەلایەن یۆنانییەکانەوە شڵەژا و تا رادەی گریان لە پێشهاتەکە دڵگران بوو، هەروەها لەپێش هاتنەناوەوەی هێزەکانی یۆنان بۆ شارەکە، یاداشتی ناڕەزایەتیی دژی هەرداگیەکارییەکی یۆنانی رادەستی هاوپەیمانان کرد. شایەنی باسە، ئەگەر پێشتر ناوبراو لەخەمی پاراستنی دانیشتووانە یۆنانی و ئەرمەنیی و جولەکەکانی ئزمیردا بووبێت لەمەترسیی هەر ئەگەرێکی پەلاماردانیان لەلایەن تورکانی موسوڵمانەوە کە لەلایەن ئیتیحادییەکانەوە هاندرابوون، ئەمێستا وەک والی ویلایەتەکە ئیدی خەمێک و ئەرکێکی گەورەتری لەئەستۆ بوو، ئەویش رێگریی بوو لە هەڵگیرساندنی جەنگی نێوخۆیی و هەڵایسانی لافاوی خوێن بوو لەکاتی هاتنەناوەوەی سەربازە یۆنانییەکان لەدژی خەڵکە موسوڵمانەکەی ئزمیر و دەوروبەری.

پێویستە بوترێت کەبەهۆی کتوپڕیی رووداوەکانی دابەزینە سەربازییەکە و رووننەبوونی هەڵوێستی حکومەتی ئەستەنبوڵ و پەرتەوازەیی بیروڕای خەڵک و کاربەدەستانی ئزمیر، ئەحمەد عیزەت بەگ و فەرماندەکان نەیانتوانیبوو بەتەواویی هەموو رێوشوێنە پێویستەکان بۆ رێگریی لەهەر رووداوێکی نەخوازراو بگرنەبەر، بەتایبەت رانەگەیاندنی قەدەغەکردنی هاتوچۆ لەنێو شارەکە و پاراستنی زیندانەکان و رێگرتن لە تۆڵەکردنەوەی شەخسی و گرەنتیکردنی ئاکاری سەربازانی یۆنانی کە بەرق و کینەیەکی مێژوویی زۆرەوە لەگەڵ دانیشتووانە تورکە موسوڵمانەکە، بەریەکدەکەوتن. بەشێوەیەک تەنانەت کە

---

[44] SELVİ, Haluk, Milli Mücadele’de İlk İşgaller İlk Direnişler, Yeditepe Yayınları, İstanbul, 2011, s 136.

ژیانی خودی عیزەت بەگ و خێزانەکەشی، کە هاوسەر و منداڵێک  و سەیفی کوڕە گەورەکەی بوو، نەک هەر پارێزراو نەبوو ، بگرە لەمەترسیشدا بوون، بەتایبەت کاتێک لەکاتی هاتنەناوەوەی سوپای یۆنانی بەفەرماندەیی کۆلۆنێڵ زافیریۆ، ئەوە روویدا کە عیزەت بەگ لێی دەترسا. ئەوەش ئەوە بوو کە لەچەند لایەکەوە فیشەک تەقێندرا و  رووداوی کوشتنی سەربازی یۆنانی و کەسانی مەدەنی تورکی لێ کەوتەوە، ئەوەی زەمینەی پەلامارو پێکدادانی لەنێوان سوپا و خەڵکەکە و تورک و دانیشتووانە یۆنانییەکەی لەئاستێکی بەرتەسکدا، رەخساند. شایەنی باسە، خودی عیزەت بەگ لەماوەی دوو رۆژی یەکەمی داگیرکارییەکە، دووجار لەلایەن سەربازانی یۆنانییەوە، دەستگیرکرا، جارێکیان لەلایەن ئەفسەرێکی کۆنسوڵخانەی یۆنان لەئزمیر و جارێکی دیکەش بەهۆی بازرگانێکی یۆنانی دانیشتووی ئزمیرەوە ئازادکرا.[45]

چنار ئەتای، لەم بارەیەوە نووسیویەتی " کاتژمێر ١٠:٣٠ فەوجەکەی ئێفسون جێگیر بوو بۆ رێپێوان. سەربازەکان خۆیان ئامادە کرد بۆ رێپێوان لەبەردەم هۆتێل گراند سپلێندید پالاس، بەسەر کۆردۆنی یەکەمدا بە یاوەری تیپەکە و هەڵگری ئاڵاکەیان و یۆنانییە بە جۆش و خرۆشەکان کە لە پەنجەرە و باڵکۆنەکانیانەوە سەیریان دەکرد. دوای ئەوەی سەربازەکان نزیکەی ٤٠ یان ٥٠ مەتر بە پێ رۆیشتن، یەک لە دوای یەک دەنگی تەقە دەبیسترا. پشێوی و ترس و دڵەڕاوکێیەکی گەورە ڕوویدا. ئەو قەرەباڵغییەی کە ناوچەکەیان پڕکردبووە دەستیان کرد بە ڕاکردن بەرەو بەشەکانی ناوەوەی کۆردۆن و باشوور، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگاکانی لاوەکی لەلایەن سەربازەکانەوە گیرابوون.

45 Mehmet KARAYAMAN: İZMİR VALİSİ İZZET BEY'İN KALEMİNDEN İZMİR'İN İŞGALİ , s10-11.

ئەوانەی بە گەڕانەوەیان بۆ سەر ڕێگا لاوەکیەکان هەڵدەهاتن، لەلایەن سەربازە یۆنانییەکانەوە دەکوژران و هەموو شوێنێک پڕ بوو لە خوێن. خەڵکێکی زۆر بەهۆی ترس و دڵەڕاوکێ خۆیان فڕێدەدایە ناو دەریاوە. بینرا کە هەندێک لە ئاڵای یۆنان کە لە باڵکۆنەکانەوە هەڵدەکران و پەنجەرەکان بە خێرایی دابەزێنران بۆ خوارەوە. لەم نێوەندەدا خەڵک باسی مردنی دوو سەربازی یۆنانیان دەکرد. یەکەم فیشەک لە دەوروبەری کاتژمێر ١٠:٤٥ تەقێندرا. دەنگۆکان زۆر بوون. دەوترا ئەو کەسەی دەمانچەکەی تەقاندووە، ورووژێنەری یۆنانی بووە، یان ئەفسەرە تورکەکان بوون یان چەند کەسێک بوون لە نێو خەڵکدا، چونکە دەوترا دوای یەکەم تەقە سێ چوار تەقەی دیکە کراوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی پارێزگار عیزەت بەی لەو بارەیەوە، ئەو کەسەی یەکەم فیشەکی تەقاندووە، سەربازێکی یۆنانی بووە. شەوقی بەگ، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاهینک، نووسیویەتی کە شایەتحاڵی ئەوە بووە کە سەعاتساز عەزیز ئەفەندی یەکەم فیشەکی تەقاندووە، دەنگۆیەکی دیکە ئەوە بووە کە ئەو کەسەی یەکەم فیشەکی تەقاندووە، ئەو کەسە بووە بە ناوی ئیبراهیمی خەڵکی جێرمێنچیک کە لەو کاتەدا لە کافێیەک دانیشتبوو .یان گەنجێک بە ناوی عەرەب ڕاسیم کە بەم دواییە لە زیندان دەرچووە.

ژمارەی ئەو کەسانەی لە کاتی داگیرکردنی ئزمیردا کوژراون یان بریندار بوون بەوردیی نازانرێت. دەوترێت کە ٢سەربازی یۆنانی کوژراون، ٦ سەرباز برینداربوون، ٢٠ هاوڵاتی یۆنانی سڤیل گیانیان لەدەستداوە و 60 کەسیش برینداربوون، نزیکەی ٣٠٠ یان ٤٠٠ تورک کوژراون یان برینداربوون. بەگوێرەی بەڵگەنامە فەرمییەکانی تورکیا، دەرکەوتووە کە لە ماوەی ٤٨ کاتژمێری یەکەمی

داگیرکارییەکەدا، ژمارەی ئەو تورکانەی لە ئزمیر و دەوروبەری کوژراون زیاتر لە ٢ هەزار کەس بووە."[46]

مورات کۆیلوش لەم بارەیەوە نووسیویەتی: "خوێنەکە پێشتر دەستی بە ڕژان کردبوو و بڕیار نەبوو بەم زووانە بوەستێت. ئەو کینە و ڕق و کینە و تووڕەیی و ناشیرینییەی کە چەندین سەدە پەروەردە دەکرا، بێبەزەییانە ڕووخساری خۆیان لە نێوان ئەم دوو نەتەوەی دراوسێدا نیشان دەدا؛ پێویستە ڕۆحانییەکان چەمکەکانی وەک ئاشتی و برایەتی و مرۆڤایەتی بخەنە پێشەوە و نەک ئەو بیرکردنەوە کۆنەپەرستانەی کە خۆراکیان لەم هەستانە دەخوارد و مرۆڤایەتی خۆیان لەبیر کرد و بێبەزەییانە هێرشیان کردە سەر ئەوانەی وەک ئەوان نەبوون.

والی عیزەت بەگ، لە پەنجەرەی ئۆفیسەکەی لە کۆشکی حکومەتەوە بە نیگەرانییەکی زۆرەوە سەیری ئاژاوە و هاوار و گریان و مردنی دەکرد. لەم ئاژاوەگێڕییەدا، کاتێک فەرماندەی فەیلەق و ئەفسەرەکانی کە لە نێو خەڵکەوە گەڕابوونەوە، دڵنەوایی بەو بیرکردنەوە پێدان کە "ئەو وەک والی پارێزبەندی هەیە و کەس ناتوانێت هیچ بکات". لەوکاتەدا، دەرگای ژووری ئۆفیسەکە بە خێرایی کرایەوە و سەیفی کوڕی هاتە ژوورەوە. هەناسەی تەواو بوو، لە ئارەقەدا تەڕ بووبوو و بە توندیی دەکۆکی، وەک ئەوەی کابوسێکی ترسناکی ببینێت. والی تەواو نیگەران بوو لە دۆخی کوڕەکەی. یەکسەر داوای پەرداخێک ئاوی لە فەراشباشی کرد و کوڕەکەی لەسەر کورسییەکی ئارام دانیشت. کە کوڕەکە کەمێک ئارام بووەوە، دەستیکرد بە گێڕانەوەی ئەوەی بینیویەتی. بەیانی کۆشکی والی ر بەجێهێشتووە و بە پێ ڕۆیشتووە بۆ دەرچەی کۆناک. کاتێک قەرەباڵغی و ئەو کەشتیانەی بینی کە کۆبوونەتەوە، بە سەرنجەوە

---

[46] Prof. Dr. Çınar Atay, The Beginning and End of the Occupation of İzmir, p507-510.

دەستیکردووە بە سەیرکردنی ئەوەی چی ڕوودەدات. ئەو شایەتحاڵی هاتنی سەربازانی یۆنان بوو بۆ بەندەرەکە و نمایشە سەرنجڕاکێشەکانی دەربڕینی خۆشیی لەلایەن دانیشتووە یۆنانییەکانی ناوچەکەوە. کاتێک سەربازە یۆنانیەکان بەرەو سەربازگەکە دەڕۆیشتن، لە تەنیشت تاوەری کاتژمێرەکەوە کەسێک بەناوی حەسەن تەحسین. کە زانیویەتی ڕۆژنامەنووسە، دەمانچەکەی کێشاوە و هاوار دەکات و تەقەی لە سەربازە یۆنانیەکان کردووە کە بە پێ دەڕۆن، کە لەم کاتەدا کەسێکی تر لە سەرەتای شەقامەکەدا چوار پێنج تەقەی لە ئاڵاهەڵگرەکانی یۆنانی کردووە، ئاڵاهەڵگرەکە کەوتە خوارەوە، کە حەسەن تەحسین لەلایەن سەربازە یۆنانیەکان و خەڵکە یۆنانیەوە پەلاماردراوە، تەقەکەرەکەی تر بە سوودوەرگرتن لەم ئاژاوەگێڕییە ڕزگاری بووە..." [47]

وێڕای کەوتنەوەی ئەم ڕووداوە خوێناوییە نەخوازراوانە لە دووسێ ڕۆژی یەکەمی هاتنی سەربازە یۆنانییەکان بۆ ئزمیر، بەڵام بەهۆی دەستێوەردانی وڵاتانی هاوپەیمان، بەتایبەت ئینگلیزەکان، فشار خرایە سەر یۆنانییەکان کە باشتر هێزەکانیان لەو ناوچەیە جڵەوگیربکەن. جگەلەوەی کە خودی یۆنانییەکانیش، بەهۆی دژایەتیی ئیتالییەکان و وەستانەوەی ئینگلیزەکان بەرووی خواستی فراوانخوازییان لەناوچەکەدا، لەوکاتەدا بەرنامەیەکی دەستبەجێیان نەبوو بۆ لکاندنی ئزمیر و دەوروبەری بە دەوڵەتی یۆنان و دابڕاندنی لەدەوڵەتی عوسمانیی، هەربۆیە خوازیاری هێشتنەوەی ئیدارەی مەدەنی و کارگێڕیی عوسمانیی بوون لەژێر دەسەڵاتی هێزە سەربازییەکانی خۆیاندا و نەیاندەویست بەهۆی هاتوهاواری رۆژنامەکان و خۆپێشاندانەکان لە ئەستەنبوڵ و شارەکان و ولایەتەکانی دیکە، هەروەها پرۆپاگەندەی هێزی

47 Murat Köylü : GERİYE DÖNÜŞ. Ankara, 2008. s 45.

سەرپێکەوتووی تورکانی ناستیونالیستەوە، پاش پەڕینەوەی کەمال ئەتاتورک بۆ کوردستان و ڕێکخستنەوەی هێزەکان لەسێواس و شارەکانی دیکە، دانیشتوو انی تورک و موسوڵمانی ولایەتی ئایدن و شاری ئزمیریان لێ ر اپەڕێت و ببنە ئامرازێک بەدەست ئەو گروپە تورکە چەتە چەکدار انەی وەک گروپەکەی نەقیب قەدری بەگ، کە بۆشایی ناوچەکەیان بۆ قازانجی خۆیان قۆزتبۆوە و بەناوی دژایەتیی داگیرکاریی یۆنانییەکانەوە، دەستیان لەهیچ تاو انێک نەدەپاراست و لەهەرکوێ مەسیحییەکیان ببینایە دەیانکوشت. لەراستییدا، یۆنانییەکان پێویستیان بەهێورکردنەوەی دۆخەکە هەبوو. هەربۆیە پێوستیان بەمانەوەی کەسایەتییەکی وەک ئەحمەد عیزەت بەگ بوو کە لەلای تیکڕای دانیشتوو انە یۆنانی و ئەرمەنی و تورکە موسوڵمانەکانەوە جێگەی ڕێز و مایەی قبوڵکردن بوو، لەپۆستەکەی خۆی و ناوبراویش ئەوەی قبوڵکر د و بڕیاریدا وەک سیمبولێکی ئیدارەی مەدەنی عوسمانیی لە ولایەتی ئزمیر و لەپێناو خەڵکەکە، بێ جیاوازیی رەگەزو ئاین، خزمەت بکات و هەوڵبدات توندو تیژییەکان کۆتاییان پێبێت و ڕووداوەکان بەئاراستەیەکی سەقامگیریی ئاشتییدا بڕۆن. هەروەها ئەحمەد عیزەت بەگ هەوڵیدا بۆ قەرەبووکردنەوەو دڵنەو اییکردنی زیانلێکەتوو انی ڕۆژانی پاش ١٥ی مایس، هاوکاریی مادیی لە یۆنانییەکان وەربگرێت و بەسەریاندا دابەشی بکات. ئەمەو جگە لە خستنەوەگەڕی کارگێڕیی و خزمەتگوزارییەکان بێ جیاوازیی.

شایەنی باسە، ئەو لیژنانەی دوای ڕووداوە خوێناوییەکانی ئزمیر هاتنە ئزمیر و لێکۆڵنەوەیان لە رەوشەکە کردووە، هیچیان بە نەرێنیی باسی رۆڵی والی ئەحمەد عیزەت بەگیان نەکردووە. لەوبارەیەوە، ر اپۆرتێکی سەربازیی بەزمانی تورکیی کە لە چاپخانەی سەربازیی لەئەستەنبوڵ لەساڵی ١٩١٩دا بەناونیشانی "مقامات عسکریەدن مورود ر اپورلرد/ ایکنجی کتاب" بڵاوکراوەتەوە و تەواوی ڕووداوەکانی ئزمیر و دەوروبەری لەخۆگرتووە بێ ئەوەی ناوی عیزەت بەگی

هێنابێت.  لەوراپۆرتەشدا کە کۆمسیۆنی هێزەهاوپەیمانەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکانی ئزمیر  و دەوروبەری لە ماوەی مایسی – سێپتمەبەری ١٩١٩ ئامادەیکردووە و لەلایەن "ئەرهان چاگری" یەوە بڵاوکراوەتەوە، لە سێ جێگە ناوی عیزەت بەگ هاتووە. شایەنی باسە، لە لاپەڕە ٢٩دا، ئاماژە بەوەکراوە کە کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوە دیداری لەگەڵ عیزەت بەگ والی ئزمیر کردووە وناوبراو وردەکاریی ڕووداوەکانی باسکردووە. لە لاپەڕە ٣٢شدا، باس لەوە کراوە کە یۆنانییەکانی دانیشتووی ئزمیر و دەوروبەری، لەساڵانی یەکەمین جەنگی جیهانییدا چەوسێنراونەتەوە و لەقۆناغی ئاشتییدا و پاش ئەوەی عیزەت بەگ بۆتە والی نوێی ئزمیر، وێڕای بوونی چەندین تاقمی چەتە لەناوچەکەدا، ئاشتیی گەڕاوەتەوەو  بەرقەراربووە. هەروەها لەلاپەڕە ٥٥دا هاتووە  کە دانیشتووانی یۆنانیی لەپاش ئاگربەستی مۆدرۆس، لەلایەن نورەدین باشاوە بەوپەڕی توندتیژییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، بەڵام عیزەت بەگ، دادپەروەرانە، بێ جیاوازیی ڕەگەز، مامەڵەی لەگەڵ تەواوی دانیشتووانەکەدا کردووە.[48] ئەو ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەیەش کە لەلایەن ئەدمیراڵ برتیستۆڵی ئەمریکی و ژێنراڵ بونۆستی فرەنسی و ژێنراڵ هاری بیتانی و ژێنراڵ دال ئۆلیۆی ئیتالییەوە لە ١١ی ئەکتۆبەری ١٩١٩دا. لەئەستەنبوڵ واژۆکراوە، ناوی عیزەت بەگی تێدا نییە و هێندە بەرپرسیارێتی ڕوداوەکانی خستۆتە سەر ئیدارە تورکییەکەی ئزمیر کە پێش گەیشتنی هێزە سەربازییە یۆنانییەکان، هەنگاوی نەناوە بۆ ڕێگرتن لە هەڵاتنی زیندانییەکان و چەکداربوونیان. بێگومان ئەوەش هۆکاری کتوپڕی پێشهاتەکان و ئەو شڵەژاوییە بوو کە ئۆپەراسێنی دابەزاندنی سەربازە

---

[48] Erhan, Çağrı (1999). Greek Occupation of Izmir and Adjoining Territories: Report of the Inter-Allied Commission of Inquiry (May-September 1919). SAM. s. 29,32,55.

یۆنانییەکانی لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە پێ ئەنجامدرا، وەک پێشتر ئاماژەمان پێداوە.

دەبێت بوترێت کە ئەحمەد عیزەت پاشا لەوراستییە گەیشتبوو کە هاتنی هێزە سەربازییەکانی یۆنان بۆ ئزمیر بەپاڵپشتی دەوڵەتانی هاوپەیمان و هێزە کەشتیگەلییەکانیان، بڕیاری کۆنفرانسی پاریس و بەگوێرەی مادەی حەوتەمی ئاگربەستی مۆدرۆس، رەوایی و پشتگیریی دیپلۆماسی خۆی هەیە و راستە بۆخۆی رووداوێکی مەترسیدارو نەخوازراوە، بەڵام بە ورووژان و دروستکردنی باندی چەتەگەرایی و ئەو هێزە کەمەی کە لەبەردەستی بوو، ئەوەی ئیتیحادییەکان چاوەڕێیان دەکرد، نەک هەر رێگەی لێ نەدەگیرا، بەڵکو دەبووە هۆکاری خوێنڕشتنیکی بەرفراوان و کاولکاریی و کۆمەڵکوژیی گەورە و تەڕو وشکی تێدا دەسووتا. ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە بەهۆی بوونی زۆرینەی موسوڵمان لەناوچەکە، یۆنانییەکان ناتوانن هەروا بەئاسانیی، ئەم ناوچەیە بلکێنن بە دەوڵەتی یۆنانەوە و حکومەتی ئەستەمبوڵیش لەرێگەی دپلۆماسییەوە هەوڵی خۆی دەدات تاوەکو مەسەلەکە بەئاشتی چارەسەربکرێت. هەر لەم بارەیەوە، عەبدولڕەحمان بەدرخان، کە ئەوکاتە موتەسەریفی شاری ئایدن بووە، کەدەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی ئزمیرەوە، لەبیرەوەرییەکاندا سەبارەت بە ئەم بۆچوونەی ئەحمەد عیزەت بەگی والی ئزمیر نووسیویەتی :

"پارێزگار فەرمانی پێ دام، ئەم بایاننامەیە لە ئایدین و هەموو قەزاکانی بڵاوبکەمەوە:

ئەو شارانەی کە سوپای یۆنان بە بێ رەزامەندیی دەوڵەتانی هاوپەیمان داگیریان کردوون، دەکرێ تەنیا لە رێی پێوەرە دپلۆماتییەکانەوە داوا بکرێنەوە و بۆ ئەمەش وەزیری ناوخۆ و منیش کاری پێویست دەکەین.

هەرجۆرە رێ و شوێنێکی چەکداریی کە خەڵک بیگرێتەبەر ، لەرووی دئپلۆماتییەوە خراپەی گەورەی بۆ وڵات لێ دەکەوێتەوە. کەوابوو پێویستە

**خەڵک بەوریایی یەوە خۆی لەو جۆرە ئامرازانە بەدوور بگرێ و ئەگەر سوپای یۆنان سنوورەکانی ئەو دەسەڵاتەی کە پێی دراوە، بەزاند، پێویستە سوپای یۆنان و منی لێ ئاگادار بکرێتەوە." [49]**



**عەبدوڵڕەحمان بەدرخان**

